ڕێکخراوی ڕوونبیین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت / ROPT

# چەند سەرنج و تێبینیەک لەسەر وردبینی دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێم (٢٠١٩)



ڕوونبیین

حوزەیران ٢٠٢٠

نوسین و ڕاڤەکردنی:
یادگار صدیق گەڵاڵی و فریا کاڵێ

www.roonbeen.org

# چەند سەرنج و تێبینیەك

# لەسەر وردبینی دیلۆیت بۆ نەوتی هەرێم

# (٢٠١٩)

## ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونبیین

نوسین و ڕاڤەکردنی

**یادگار صدیق گەڵاڵی**
ماستەر لە بواری بەڕێوبردنی نەوت و گاز

**فریا کانێ**
ماستەر لە بواری بەڕیوبردنی کار

پیاداچوونەوە

**یادگار کمال ئەحمەد**

دکتۆرا لە یاسا و سیاسەتی ئاوی نێودەوڵەتی

ژمارەی تۆماری ڕوونبیین لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان: L-٣٤٨٦

پەیوەندی

ئیمەیڵ: Contact@roonbeen.org

تەلەفون: ٩٦٤٧٧٣١٦٠١٩٩٤/ ٠٠٤٤٧٤٦٢٧٧٦١٦١

مافی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ڕوونبیین

لەکاتی سوودبینین لە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدرێت

# خشتەی بابەتەکان

پێشەکی ........................................................................................................................ ٤
روونبیین ........................................................................................................................ ٥
پێناسەی ڕوونبینی (شەفافیەت) .................................................................................... ٥
گرنگی ڕوونبینی.......................................................................................................... ٦
چوار چێوەی یاسایی سێکتەری نەوت................................................................................ ٧
مێژوویەکی کورتی نەوتی هەرێم .................................................................................... ٧
کورتەیەك لەسەر دیلۆیت ............................................................................................ ٨
دیلۆیت بۆ؟ .................................................................................................................. ١٠
روونکردنەوەی ڕاپۆرتی حەوتەمی دیلۆیت ........................................................................ ١١
تێبینی ڕوونبیین لەسەر ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت ................................................................... ١٤
شرۆڤەی کارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دۆسیەی نەوت ....................................................... ١٩
ئەنجام گیری ژمارەکان ................................................................................................ ٢٢
سەرچاوەکان ................................................................................................................ ٢٥
هاوپێچەکان.................................................................................................................. ٢٧

# پێشەكی

روونبینی یەكێكە لە گرنگترین ئامرازەكانی حوكمڕانی درووست و كاریگەر لە هەموو ولآتە دیموكراسی و پێشكەوتوەكاندا. بۆیە هەچ هەنگاوێك كە دەنرێت بۆ زیاتر روونبینی لە داهات و خەرجی دام و دەزگا حكومێكان رۆڵێكی ئیجابی دەبینێت لە پێشكەوتنی ولآتدا. لەگەڵ ئەوەی پێمان باشە حكومەت لە رێگای دیلۆیت راپۆرتی داهاتی نەوت بڵاو دەكاتەوە، بەڵام هەندێك سەرنجی خۆمان هەیە لەسەر كۆی پرۆسەكە و شێوازی راپۆرتەكان.

لەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین سەرەتا باسی روونبینی و گەندەڵی و گرنگینی رونبینی بكەین ،لەگەڵ ئەومەرجانەی كەوا لەراپۆرتێك دەكەن زیاتر خزمەت بە روونبینی بكات. تیایدا شرۆڤەیەكی خێرا بۆ مێژووی دیلۆیت ئەكەین بەوەی یەكێكە لەگەورەترین كۆمپانیاكانی وردبینی جیهان بەڵام بەدوور نییە لەكێشە، باسی هەلومەرجی هاتنی دیلۆیت و چونیەتی دەستبەكاربوونی و ماوی كاركردنی دیلۆیت لەهەرێم دەكەین.

پاشان دێینە سەر راڤەو خوێندنەوەی خۆمان بۆ راپۆرتەكەی دیلۆیت. سەرەتا وەكو چۆن لە راپۆرتەكەی دیلۆیتا هاتووە و پاشان جیاكردنەوەی داهاتی نەوت لە فرۆشی نەوت لە گەڵ ئەو پارانەی لەفرۆشی نەوتی ساڵی ٢٠١٩ دەركراوە و دراوە بەلایەنە جیاكان، روونكردنەوەی داهاتەكانی تریش كە حكومەتی هەرێم وەریگرتووە، وەكو پارە دانی پێشەكی دوورخایەن و ئەوپارانەی چوەتە سەر حسابی كڕیارانی نەوت. لێرەدا دەردەكەوێت ئەو بڕە پارەیەی كە هاتوەتە دەستی حكومەتی هەرێم تەنها فرۆشی نەوت نییە بەڵكو جگەلەلەوە زیاتر لە یەك ملیار و نۆسەد ملیۆن دۆلاری تر هاتوەتە دەستی حكۆمەت. پاشتر رووناكی دەخەینە سەر بڕگەیەكی تر كە داهاتێكی باشی حكومەتە بەڵام باسنەكراوە ئەویش ئەو بڕەنەوتەیە دراوە بەپاڵاوگەكان تاوەكو بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەكانی بپاڵێون، دوای لێدەركردنی تێچوی پرۆسەكانی پاڵاوتن داهاتی بەرهەمەكانی نەوت زیاتر لە ٦٨٠ملۆن دۆلار دەبێت. هەروەها بڕی پارەی گوازراوە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ مان دیاری كردووە. بەمانایەكی تر جیاكردنەوەی ئەو تێكەڵكردنەی كە لەراپۆرتەكەدا هەیە كەوا دەردەكەوێت هەرێم لەداهاتی نەوتی فرۆشراو لەماوەی ساڵی ٢٠١٩ دا زیاتری بۆ دەمێنێتەوە، كە ئەمە یەكناگرێتەوە لە گەڵ ئەو مەبدەئەی شەفافییەت دا كە دەبێت زانیاریەكان ئاسان بن بۆ تێگەشتن و ئاڵۆز نەبن. وە ئەوپرسیارانەی كە دروست دەبێت لەسەر ئەوژمارەو بڕگانەی لەراپۆرتەكەدا هاتووە. لەكۆتاپیشدا ئەودەرئەنجام و پرسیارانەی كە دروست دەبن و پێویستیان بەوەڵامی راشكاو و روون هەیە دەخەینە روو.



# روونبیین

روونبیین رێكخراوێكی مەدەنی نا حكومی، قازانج نەویست و بێلایەن و سەربەخۆیە. بایەخ دەدات بە لێكۆلینەوە، هەڵسەنگاندن، چاودێری پرۆسەكانی نەوت و گاز و پێشنیاری چارەسەرو چاكسازی بۆ لایەنی پەیوەندی دار دەكات.

ئامانجی رێكخراوەكە بریتییە لە بەشداری كاریگەر لە بنیاتنانی بنەماكانی شەفافییەت لە بواری نەوت و گازدا. بەرزكردنەوەی ئاستی زانیارییەكان و رۆشنبیری هاوولاتیان بە شێوەیەكی زانستی و ئەكادیمی. هەوڵدان بۆ گەیشتن بە زانیاری دروست و هەڵسەنگاندن و لێكدانەوەی زانستی و پێشنیار ی چارەسەر بۆكۆی پرۆسەكانی نەوت و گاز.

# پێناسەی ڕوونبینی (شەفافیەت)

روونبینی پێچەوانەی شاردنەوەیە، بریتییە لە پابەندبوونی حكومەت بە پێدانی زانیاری بە هاوولاتی.

لەناوەرۆكدا بریتییە لە لێپرسینەوەی هاولاتی لە فەرمانبەری گشتی. بوونی حكومەت بۆ خزمەتی میللەتە، لەبەرئەوە دەبێت ئەوزانیاریانەی كە پەیوەستە بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەرپرسەكان بۆ كارە گشتییەكان وە چۆنییەتی بەكاربردنی موڵك و ماڵی گشتی لەبەردەست بێت، وە ئاشكرا بكرێت بەشێوەیەكی راست، بە ئاسانیش لێی تێبگەن و بەیاساش رێكبخرێت. بەواتایەكی تر بریتییە لە ئاشكراكردنی زانیاری ڕاست و دروست و بەشێوەیەكی ئاسان و بە یاسا رێكخرابێت. واتە زانیارییەكان متمانە پێكراو بن، بەزمانێكی سادە دارێژرابێت، هاووڵاتی بەئاسانی لێی تێبگات، بەدەستی هەموان بگات، وە بەیاسا رێك خرابێت بەم شێوەیە روونبینی بەرەو حوكمرانییەكی باش و دادپەروەمان دابات.

لە بەرانبەر روونبینی دا گەندەڵی هەیە! رێكخراوی روونبینی نێودەوڵەتی Transparency International پێناسەی گەندەڵی دەكات بەوەی" خراپ بەكار هێنانی دەستەڵاتە بۆ دەستكەوتی كەسی" گەندەڵی متمانە كەم دەكاتەوە، دیموكراسی لاواز دەكات، بەربەست دەخاتە بەردەم گەشەی ئابووری، نادادی و كێشەی كۆمەڵایەتی زیاد دەكات. گەندەڵ كار دەكرێت هەركەسێك بێت (سیاسی، بەرپرسی حكومیی، فەرمانبەری گشتی، خاوەن كار و بازرگان یان هەركەسێكی ئاسایی) وە هەموو بوارێكیش دەگرێتەوە.

بۆ رووبەروو بونەوەی گەندەڵی پێویستمان بە پیادەكردنی روونبینی هەیە. رووبینێش هەمووی سەبارەت بەویە بزانین كێ؟ بۆ؟ چی؟ چۆن؟ بەچەند؟ بەمانای روناكی خستنە سەر بنەما فەرعی و نافەرمیەكان، پلان و بەرنامە، پرۆسە و رێوشوینەكان. روونبینی هاوكاردەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی لێپرسینەوە بكات لە دەستەڵات لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

داواكردنی زانیاری و وەرگرتنی بەشێكە لەمافی مرۆڤ و دەكرێت وەكو ضمان بەكاربهێنرێت دژی گەندەڵی، متمانەی زیاتر دەدات بەخاوەن بڕیار و دامودەزگا گشتییەكان. روونبینی تەنها لەبەردەست بوونی زانیاری دا كورت ناكرێتەوە بەڵكو دەبێت بەئاسانی بەدەست بگات و تێگەشتن لێی و بەكارهێنانی لەلایەن هاوڵاتیەوە ئاسانبێت.

ڕوونبینی تەنها هەنگاوی یەکەمی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییە. ڕوونبینی نێودەوڵەتی دەڵێت لەماوەی ٢٥ ساڵی کارکردنماندا ئەوە تێگەشتین کە ناتوانرێت بەسەر گەندەڵیدا زاڵبیت ئەگەر نوێنەرانی حکومەت و کەرتی گشتی و کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا کار نەکەن.

## گرنگی ڕوونبینی

گرنگی ڕوونبینی لەوەدایە کە نارِوونی کەم دەکاتەوە، سنوور دا دەنێت بۆ گەندەڵی و بەرەنگاری دەبێتەوە، متمانە بەهێز دەکات لە نێوان هاوڵاتی و حکومەتدا. چاودێری ناوخۆیی زیاد دەکات، ئەبێت بە هۆی ئاسانکاری لە هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومەت و دامەزراوەکاندا. ڕوونبینی ڕوویەکی تری لێپرسینەوەیە، هەروەها چەق گەیشتنە بە پەرەپێدان و گەشەکردنی هەر بوارێك کاری تیا بێت، چ ئابووری، پەروەردەیی، تەندروستی...هتد. ڕوونبینی و بەرپرسیارێتی دوو ئامرازی سەرەکی حوکومڕانی باشە. ڕوونبینی کاتێك بەبەردەوامی پیادە دەکرێت، هێزێکی زۆر دەدات بە حکومەت تاوەکو بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە ولێپرسینەوەی تەواو بکات. ڕوونبینیی کاتت بۆ دەگەڕێنێتەوە، خەرجی کەم دەکاتەوە، ئاڵۆزی لە تێگەیشتن لە شتەکان کەم دەکاتەوە یان نایهێڵێت و ژینگەیەکی لەبار وتەندرووستی کار و متمانە دەخوڵقێنیت.

بەشێوەیەکی گشتی هەرهەنگاوێك بەئاراستەی ڕوونبینی کارێکی باشەو هەنگاوێك دەبێت بە ئاراستەی حکومرانی باش و درووست.

وەك بنەما ئاشکراکردنی داهاتی هەردامەزراوەیەك و چۆنیوتی خەرج کردنی ئەو داهاتە بەشێکە لە پرۆسەیەکی سەرەکی کە پێی دەوترێت بەڕیوەبردن بەمانا فراوانەکەی. تاوەکو لە کۆتاییدا خاوەن بەرژەوەندییەکان ئاگاداری چۆنییەتی بەڕیوەبەردنی بن و دڵنیابن لەوەی کە بەشێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەڕێوە دەبرێت، چ لە ئاستی کۆمپانیای تایبەت یان گشتی. بەو مانایەی خاوەن بەرژەوەندیەکان چاودێری شێوازی بەڕێوەبردن دەکەن. گەر بێت و بازنەکە فراوانتربکرێت بۆ ئاستی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ژمارەکان و داهاتی نەوت و شێوازی خەرجییەکان بەشێك دەبێت لە پرۆسەی چاودێری کردنی هاوڵاتی بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەو سەکتەرە، لەم میانەشدا ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت ئاماژەکانی چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو سەکتەرەمان بۆ دەردەخات. بەو مانایەی هەنگاوێکە بۆ ئەوەی هاوڵاتی بتوانێت لەڕێگایەوە لە حکومەت بپرسێتەوە وە حکومەتیش ئامادەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی ئەوڕاپۆرتەدا دروست دەبێت. وەڵامەکانیش دەبێت توانای قەناعەت پێکردنی هەبێت هەروەك چۆن لە پێناسەی شەفافییەت دا ئاماژەمان پێ دا "ئاشکراکردنی زانیاری دەبێت بەشێوەی ڕاست و دروست و بەزمانێکی سادەبێت کە هاوڵاتی ئاسایی لێی تێ بگات"

ئەمە بۆ هاووڵاتی ئاسایی، بەڵام بۆ پەرلەمان و لایەنی پسپۆڕ و چاودێری حکومەت بۆ ئەوەی شەفافییەت مانای خۆی لە دەست نەدات دەبێت وردەکاریی چۆنییەتی مامەڵەکردن وبەڕێوەبردنی تەواوی سەکتەرە جیاکان ئاشکرا بکرێت. لێرەدا مەبەستمان سێکتەری نەوت و چۆنییەتی بەڕێوەبردنیەتی.

بەڵام تەنها وردبینی کردن مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕوونبینی بەرقەرارە، لەکاتێکدا وردبینی چ ناو خۆ یان وردبینی دەرەکی بەشێکی ئاسایی بەڕێوەبردنە ئیتر لە هەر ئاستێکدابێت. بە خستنەڕووی هەندێك ژمارە ناتوانرێت بووترێت ڕوونبینی

هەیە، لەکاتێکدا ئەو ژمارانە چەندە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە هێندەش پرسیار درووست دەکات. لە گەڵ ئەوەی هەنگاوێکە دەبێت هەر حکومەتێك بیگرێتەبەر نەك تەنها بۆ نەوت بەڵکو بۆ سەرجەم سێکتەرەکان.

## چوار چێوەی یاسایی سێکتەری نەوت

پەرلەمانی کوردستان وەکو باڵاترین دەزگای یاسادانان لەهەرێمدا چوارچێوەی یاسایی سێکتەری نەوتی بە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دیاری کردووە. ئەم یاسایە لە حەڤدە بەش و شەست و یەك مادە پێك هاتووە. هەر لە یاساکەدا ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت و غاز بەرپرسە لە دانانی پرنسیپی گشتی بۆ سیاسەتی نەوت و پلانی بە دوادا گەڕان و پەرەپێدانی کێڵگەکان، هەروەها ئاستی بەرهەم هێنان لە هەرێمدا دیاری دەکات. ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت و غاز هەر یەك لە سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وزیری سامانە سروشتێکان و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندان لەخۆ دەگرێت. پاشان ئەرکەکانی وەزارت و وەزیری سامانە سرووشتیەکانی دیاری کردووە. ئەم یاسایە لە دوتوێی مادەکانیا چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سێکتەرەکە و پلان دانان و سەرپەرشتی کردن ورێکخستنی پرۆسەکانی نەوت و پشکنین و ردبینی دیاری کردووە.

**ئەوەی شایەنی بیرخستنەوەیە حکومەتی هەرێم هەتا ئەم ساتە وەختە چەند مادەیەکی گرنگی یاساکەی جێ بەجێ نەکردووە کە راستەوخۆ پەیوەستە بە بنیادنانی ژێرخانی نەوتی هەرێمەوە.** بە پێی ئەو یاسایە دەبوایە ئەم چوار کۆمپانیایە درووست بکرایە(١. کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمێنان .(KEPCO)٢ . کۆمپانیای کوردستانی نیشتیمانی نەوت (KNOC)، ٣. کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت (KOMO)، ٤. کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی .(KODO )) دواتر لە ای نیسانی ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی کوردستان یاسای سندوقی داهاتە نەوتیەکانی دەرکرد. بە پێی ئەو یاسایە دەبوایە تەواوی داهاتی نەوت و گازی حکومەتی هەرێم بخرێتە سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان KOTO و ئەنجوومەنێکیش بۆ سندوقەکە درووست بکریت. بەڵام تائێستا ئەم یاسایە نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. بە پێی یاسای نەوت و گاز ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسە لە دامەزراندنی ئەو چوار کۆمپانیایەو سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان و پەسەندکردنی لە لایان پەرلەمانەوە.

## مێژوویەکی کورتی نەوتی هەرێم

دەسپێکی بەرهەمهێنان لە سەکتەری نەوتدا بەگرێبەست و لەرێگای کۆمپانیای نێودەوڵەتی قەبارە بچوك و مامناوەند دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٢. سەرەتا لەگەڵ کۆمپانیای گەنێل ئەنەرجی لە تەق تەق لە ناوچەی کۆیە و DNO ی نەرویجی لە پارێزگای دهۆك. پاشان چەندین گرێبەستی تر لە چەندین ناوچەی تر بۆ گەڕان و پشکنین و پەرەپێدان و بەرهەم هێنان کراوە. وەك بەشێك لە گرێبەستە نەوتییەکان پارەیەك هەیە دەدرێت بە وڵاتی خانەخوێ و پێی دەوترێت پاداشت Bonus ئەم پاداشتە چەند جۆرێکی هەیە، پاداشتی کاتی ئیمزاکردنی گرێبەست Signature Bonus کە بە شیرینی گرێبەستیە نەوتیەکان ناسراوە، هەروەها پاداشتی بەرهەم هێنانی Production Bonus، ئەمەش دەکرێت لە گرێبەستەکاندا بەبڕێك دیاری بکرێت کە بیدات بە حکومەت کاتێك کە کۆمپانیا نەوت دەدۆزێتەوە و دەگاتە بەرهەمی بازرگانی. لە یاسای نەوت و گازی هەرێم و گرێبەستە نەوتیەکاندا ئەم برە بە ٥ هەزار بەرمیل بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەیەك دیاری کراوە. پاداشتێکی

تر ئەوەیە کاتێك بەرهەمی کێڵگەیەك دەگاتە ئاستێکی دیاری کراو بۆ نمونە ١٠ ملیۆن یان ٢٠ ملیۆن بەرمیل لەکێڵگەیەکدا ( ئەگەر لە گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێکرابێت) دەبێت بریك پارە وەکو پاداشت بدرێت بە حکومەت. ئەم جۆرە پاداشتەش لە گرێبەستەکانی هەرێمدا هەیە کاتێك لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٠دا کۆی بەرهەمی بلۆکی سەرسەنگ گەشتە ٢٥ ملیۆن بەرمیل بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیای HKN EnergyLtd کەلەو کێڵگەیەدا کاردەکات و ٦٢% ی پشکەکانی هەیە، دەبوایە ٧ملیۆن و ٧٥٠ هەزار دۆلاری بەهەرێم بدایە بەڵام ئەم پارەیە دواخراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شایستەی کۆمپانیاکەدا کەلای حکومەتی هەرێمە پاکتاو بکرێت.

دوای ئەوەی لەماوەی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠١٤ زیاد لە ٥٢ گرێبەست کراوە، هەرێم بەئاستی جیا لە سەرەتاوە بەبڕی کەم پێش ڕاگەیاندن هەناردەی نەوتی دە کرد، و پاشتر لە٢٢ی ئاياری ٢٠١٤ بەفەرمی هەناردەی نەوتی ڕاگەیاند. بەڵام لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دا بەفەرمی بۆری نەوتی هەرێم لە ڕێ و ڕەسمێکدا لە هەولێر کرایەوە و لە ساڵی ٢٠١٣ دا حکومەتی هەرێم ئابوری سەربەخۆی ڕاگەیاند. لە ٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٣ لە پەراوێزی سێیەمین کۆنفرانسی نەوت وگازدا، دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاند ماوەی ساڵێکە نەوت بەتەنکەر بۆ تورکیا دەنێرین و سێ چوار ساڵیش دەبێت بەهەمان شێوە نەوتمان بە ئێران فرۆشتووە.

پاش ماوەیەکی کەم لە ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێم بۆ هەناردەکردنی نەوت لە ڕێی بۆریەوە نرخی نەوت دابەزی وە هەرێم توشی قەیرانی دارایی بوو، توانای دابین کردنی موچەی فەرمانبەرانی نەما. دەرئەنجام فشاری زۆری لەسەر دروست کرا لە ئاستی شەقام و حیزبە ئۆپۆزیزیۆنەکانی ئەوسا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئاشکراکردنی داهاتی هەرێم و بەتایبەتیش داهاتی نەوت و گرێبەستە نەوتیەکان، و ئەوپارانەی وەکو پاداشتی گرێبەستیە نەوتیەکان وەرگیراوە و بە شیرینی نەوت ناسراوە.

لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕاپۆرتی هەناردەی ڕادەگەیاند کە لە هەندێکیا خۆی لە بەرهەمی کێڵگەکان و ئاستی هەنارده و بەکارهێنانی ناوخۆ و نرخی نەوت دەبینیەوە، هەندێ جاریش ڕوونکردنەوەی لەسەر کڕیارەکان و چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە بەسەر وەزارەت و دەزگا جیاجیاکانی حکومەتدا دەدا. بەڵام ئەم ڕاپۆرتانە مایەی ڕەزامەندی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چاودێرانی بواری نەوت نەبوون بەوەی کە وادیارە بەهەدەردانێکی زۆر لە داهاتدا کراوە، وە چارەنوسی پاداشتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکان ( شیرینی نەوت) دیار نییە، بۆیە فشار خرایە سەر حکومەت کە دیوانی چاودێری دارایی وردبینی بکات لە سێکتەری نەوت (داهات و خەرجی). بەڵام حکومەت بەوە ڕازی نەوبوو ، دواتر گرێبەستی لەگەڵ دیلۆیت کرد.

## کورتەیەك لەسەر دیلۆیت

تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە هەشت کۆمپانیای بەهێزی ژمێریاری هەبوون لە جیهان. ئەو کۆمپانیایانە بریتی بوون لە دیلۆیت هەسکنس ئاند سێلس (Deloitte Haskins & Sells)، ئارسەر ئەندرسن (Arthur Andersen)، توشەی ڕۆس (Touche Ross)، پرایس واتەر هاوس (Price Waterhouse)، کوپەرس ئاند لیبراند & Coopers

(Lybrand)، پیت ماروێك میتشێل (Peat Marwick Mitchell)، ئارسەر یونگ. (Arthur Young ) وە ئێرنست ئاند وینی(.Ernst& Whinney)

لەساڵی ١٩٨٩ ژمارەی کۆمپانیاکان بوون بە شەش ئەویش پاش ئەوەی هەریەك لە (Arthur Young و Ernst & Whinney) یەکیان گرت و کۆمپانیایەکی نوێیان درووست کرد بە ناوی ئێرنست یونگ (Ernst and Young)، دواتر هەردوو کۆمپانیای ( Touche Ross و Deloitte Haskins & Sells) یەکیان گرت و دیلۆیت ئاند توشەی (Deloitte & Touche)پێك هێنا.

لە ساڵی ١٩٩٨ ژمارەیان بوو بە پێنج کۆمپانیا ئەویش پاش ئەوەی هەر یەك لە ( Price Waterhouseو Coopers & Lybrand) یەکیان گرت و پێکەوە کۆمپانیایەکیان درووست کرد بە ناوی پرایسواتەرهاوسکوپەرس (PricewaterhouseCoopers). دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ ژمارەیان بوو بە چوار کۆمپانیا ئەویش دوای ئەوەی (Arthur Andersen ) تاوانبارکرا بە رێگریکردن لە بەرێوەچوونی یاسا لە ئابرووچوونی ئینرۆن (Enron Scandal). بەمەش تەنها چوار کۆمپانیا مانەوە بریتی بوون لە (KPMG، Ernst & Young، Deloitte Touche Tohmatsu Limited، PricewaterhouseCoopers.) کە پێیان دەوترێت بیگ فۆر (Big4).

کۆمپانیای Deloitte Touche Tohmatsu Limited کە بە دیلۆیت ناسراوە، یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی ژمێریای لە جیهاندا. ئۆفیسی سەرەکیان لە لەندەنی پایتەخی بەریتانیایە. سەرمایەی دیلۆیت لە ساڵی ٢٠١٩ زیاد لە ٤٢ ملیار دۆلار بوو. دیلۆیت لە ١٥٠ وڵات کار دەکات وە ژمارەی کارمەندەکانی ٣١٢ هەزار کارمەند بووە لە ساڵی ٢٠١٩دا.

لە ٢٠١١/٩/٢٦ سایتی رۆیتەرز (Reuters) هەواڵێکی بڵاوکردەوە لەسەر دیلۆیت کە گوایە دیلۆیت لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە بە بری ٧,٦ ملیار دۆلار بە تۆمەتی ئەوەی سەرکەوتوو نەبوە لە دۆزینەوەی گەندەڵی لە یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە لە ئەمریکا.

دواتریش لە ساڵی ٢٠١٦ کۆمپانیایەك بە ناوی ئسکۆم (Eskom) کە لە بواری وزەدا کار دەکات لە باشووری ئەفریقیا سکاڵای لە سەر دیلۆیت تۆمار کرد بە تۆمەتی ئەوەی بە گەندەڵی گرێبەستی تەندەرینی دەست کەوتووە لە کاتێکدا ئەو برەی دیلۆیت لە تەندەرەکەدا پێشکەشی کردووە پێنج ئەوەندەی بری کۆمپانیاکانی تر بووە کە پێشکەشیان کردووە.

حکومەتی هەرێم لە رێگای لیژنەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستانەوە کە سەرپەرشتی و جێبەجێکردنی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیت و ئێرنس یونگ کرد. گرێبەستەکە لە ساڵی ٢٠١٦ واژوو کراوە و بۆ ماوەی پێنج ساڵە.

لە ٨ی مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٨ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دا" نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو کات باسی گرێبەستەی دیلۆیت و ئێرنست یونگی کرد وە هەر ئەوکاتیش ووتی: "ئێمە لە رۆژانی داهاتوودا هەموو وردەکاری ئەو راپۆرتە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان باسدەکەین، رێککەوتووین لەگەڵیان باس بکەین پێش ئەوەی هەموو ژمارەکان بڵاوبکرێنەوە، دوای ئەوە هەموو ئەو ژمارانە و هەموو ئەوانەی لە راپۆرتی دیلۆتدا هاتوون بۆ خەڵکی کوردستانیان بڵاودەکەینەوە."

# دیلۆیت بۆ؟

هەرێم بە بیانووی ئەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی لەو ئاستەدا نییە وردبینی بۆ سەکتەرێکی وەکو نەوت بکات بۆیە ڕازی نەبوو کاری وەردبینیان ڕادەست بکات. لە هەموو ئەو ماوەیەدا و تائێستاشی لەگەڵ بێت دیوانی چاودێری دارایی ڕێگە پێدراو نییە بۆ وردبینیکردنی داهاتی نەوت. لە بەرانبەردا هەرێم ڕایگەیاند کە لەگەڵ دوو کۆمپانیای وردبینی جیهانی ڕێکەوتووە بۆ وردبینی لە داهاتی پرۆسەکانی نەوت، ئەوانیش هەریەك لە کۆمپانیای دیلۆیت (Deloitte) و ئێرنست یونگ ( E &Y) بوون.

بەپێی ڕاگەیاندنی هەرێم کۆمپانیای دیلۆیت وردبینی لە بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، وە کۆمپانیای ئی ئاند وای هەڵدەستێت بەووردبینی کردن لە داهاتی شیرینە نەوتیەکان.

لە ٢٠١٨/٢/٢٣ ڕێکخراوی ڕوونبیین بەنوسراوی فەرمی داوای لە حکومەتی هەرێم کرد زانیاری پێ بدات لەسەر گرێبەستی وردبینی هەریەك لە کۆمپانیای دیلۆیت (Deloitte )و ئێرنست یونگ .(E &Y ) گرێبەستەکان بەچەند کراوە، بۆ ماوەی چەندە و چەندین پرسیاری تر. بەپێی وەڵامی حکومەت چوار کۆمپانیا کە بە چوار گەورە کۆمپانیای جیهان ناسراون The (Big 4) بریتین لە (Deloitte, Ernst & Young, KPMG, PricewaterhouseCoopers)داوەت کراون بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی تەندەرین. لە پاش بەڕێوەچوونی پۆرسەکە هەریەك لە دیلۆیت و ئێرنست یونگ دەست نیشان کران لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ٢٠١٦/٢/٣. جۆری گرێبەستکەی نیوان حکومەتی هەرێم و هەر یەك لە دیلۆیت و ئێرنست یونك پێی دەوترێت گرێبەستی خزمەتگوزاری سەرەکی Agreement (Master Service) وە بۆ ماوەی پێنج ساڵە. واتا لە ساڵی ٢٠٢١ گرێبەستەکە کۆتایی دێت. حکومەت دەڵێ تێچووی گرێبەستەکە دیاری نەکراوە بە پێی ئاستی کارەکە دەستنیشان دەکرێت. کەواتە حکومەت هیچ زانیارییەکی لەسەر تێچووی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ ئاشکرا نەکردووین.

کۆمپانیای دیلۆیت لە ٢٠١٦ وە وردبینی بۆ بەرهەمی نەوتی هەرێم و داهات و خەرجیەکانی دەکات، کە بڕیارە وردبینی بۆ ساڵەکانی ٢٠١٤ و دواتر بکات. بەڵام تائێستا وردبینی بۆ ساڵەکانی ٢٠١٤,٢٠١٥,٢٠١٦ نەکراوە، وە دیلۆیت چوارساڵ لە هەرێم تەواو کردووە. بەپێی ئەو زانیاریانەی حکومەت بەڕوونبیینی داوە بڕیارە دیلۆیت ڕاهێنان بە فەرمانبەرانی چاودێری دارایی بکات و ئاستی پیشەییان بەرزبکاتەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چوارساڵ ماوەیەکی زۆرە بۆ ئەوەی کادری چاودێری دارایی ڕاهێنانی تەواوی پێ بکرێت و ئامادەبکرێت وردبینیەکان لە لایەن ئەووەوە بکرێت. بە چوار ساڵ کەسێك هەموو قۆناغەکانی زانکۆ تەواو دەکات و شارەزایی باش لە بوارێکدا دەهێنێت و لەهەندێ وڵات بە چوارساڵ بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەریش وەردەگیرێت واتە پسپۆڕی لەو بوارەدا بە دەست دێنیت. بەڵام ئایا بەم چوار ساڵە دیلۆیت چی بۆ چاودێری دارایی کردووە؟ چاودێری دارایی کەی ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی دەستبکات بەوردبینی؟ چونکە تێچوی ئەوگرێبەستەی دیلۆیت دەگەڕێتەوە بۆ ناو داهاتی حکومەت.

ئەو پێشنیارو بۆشاییانە چین کە دیلۆیت لە ئەنجامی وردبینیەکانی دۆزیویەتیەوە؟ چونکە ئەوەی لەسەر جەم ڕاپۆرتەکاندا ڕاگەیەنراوە ئەوەیە دیلۆیت دەڵێت هیچ بەیانێکی نادروستمان دەست نەکەوت، بەمانایەکی تر دیلۆیت تەنها زانیارییەکانی حکومەتی سەلماندووە. ئایا ئەوە جێی پرسیار نییە؟

کۆمپانیای دیلۆیت دوای ئیمزاکردنی گرێبەستەکەی لە ٢٠١٦/١٠/٥ دا لەگەڵ هەرێم لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ یەکەمین ڕاپۆرتی خۆی بڵاوکردەوە کە بۆ شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ بو. پاشان ڕاپۆرتی دووەم و سێیەم و چوارەمی هەرلەو ساڵەدا بڵاوکرایەوە. ڕاپۆرتی پێنجەم و شەشەمیش لە ٢٠١٩ دا بڵاوکرایەوە کە تا کۆتایی ٢٠١٨ ی لە خۆ گرتبوو.

لەبەرواری ٢٠٢٠/٤/٢٨ نامەیەکی حکومەتی هەرێم بڵاوکرایەوە کە ناردبووی بۆ حکومەتی عێراق وە لەونامەیەدا باسی شایستەکانی حکومەتی هەرێمی دەکرد هەر لە بوجە تا دەگاتە قەرەبووەکانی زیانلێکەوتوانی ڕەفتارەکانی ڕژێمی پێشوی عێراق و لەناویشیاندا خەرجیەکانی داهاتی نەوتی ٢٠١٩تیایدا بوو. ئەم نامەیەی حکومەتی هەرێم لە کاتێکدابوو کە ١١ مانگ بوو هیچ ڕاپۆرتێکی کۆمپانیای وردبینی بڵاونەکرابووەوە، و داهاتی ١٦ مانگیش وردبینی نەکرابوو لە ٢٠١٩/١/١ وە. ئەم ژمارانە لێکدانەوەی جیای بۆ کرا و گومان خرایە سەر ژمارەکان. فشارەکان لەڕێگای میدیاو سۆشیال میدیاوە خرایە سەر حکومەت کە ئەوژمارانە پرسیاری زۆر هەڵدەگرن. چەند ڕۆژێك دوای ئەوە و لەڕۆژی شەممە ٢٠٢٠/٢/٥کە ڕۆژی پشوی فەرمییە حکومەت ڕاپۆرتی حەوتەمی دیلۆیتی ڕاگەیاند. ئەمە خوێندنەوەی ئەوەی بۆ کرا لەلایەن چاودێرانەوە حکومەت لەژێر فشاردا ڕاپۆرتەکان بڵاودەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی جێی تێبینیە هەتا ئێستا وە پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٣ ساڵ هیچ ڕاپۆرتێکی کۆمپانیای ئێرنست یونگ بڵاو نەکراوەتەوە سەبارەت بە شیرینی گرێبەستە نەوتیکان و چۆنێتی خەرج کردنیان. هەروەها گرێبەستەکەی دیلۆیت یش پێی ناوەتە ساڵی چوارەم و لە ٢٠٢١ کۆتای دێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپۆرتەکانی وەردبینی بۆ ساڵانی ٢٠١٤، ٢٠١٥ و ٢٠١٦ بڵاو نەکراوەتەوە.

## ڕوونکردنەوەی ڕاپۆرتی حەوتەمی دیلۆیت

دیلۆیت لە ڕاپۆرتی حەوتەمدا جیاواز لە ڕاپۆرتەکانی تر هەموو ساڵی ٢٠١٩ی بەیەکەوە بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتێك کە هەموو ساڵەکە لەخۆ دەگرێت تەنها بەزمانی ئینگلیزی بوو، لەگەڵ ڕاپۆرتی چارەکی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم، بەجیا بەسێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی، واتە چوار ڕاپۆرت بۆ وەرزەکان و ڕاپۆرتێکی هەموو ساڵەکە.

ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان لەدوو لاپەڕە پێك هاتووە بەڵام بەچەند زمانێك وەرگێڕدراوە بۆیە زیاتر دەردەکەوێت. لاپەڕەیەکیان بریتییە لە خشتەی ژمارە یەك پێك دێت لە هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت. لاپەڕەی دواتر ڕونکردنەوەی تێبینێکانی خشتەی ژمارە یەك باس دەکات.

یەکەم برگە بریتیە لە هەندادە کردن و بەکاربردنی نەوت. لە چوار برگە پێك دێت. یەکەم نەوتی خاوی هەناردەکراو لە ڕێگەی بۆرییەوە. دووەم، ڕادەستکردنی نەوتی خاو بۆ پاڵاوگەکان بۆ پاڵاوتنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان. سێیەم، فرۆشتن بۆ پاڵاوگەکان. چوارەم، فرۆشتنی ناوخۆ.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت بەرهەمی نەوتی هەرێم لە ماوەی ساڵی ٢٠١٩ دا بریتی بووە لە ١٧٠,٩٧٧,٧٨٤بەرمیل نەوت وە لەو بڕەش ١٦٠,٣٠٦,٢٨٣ لەڕێگای بۆریەوە هەناردە کراوە و ٨,٧٣٧,٤٤٤ دراوە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن وە بری ٥٦٤,٤٧٦ فرۆشراوە بەپاڵاوگەو هەروەها بری ١,٣٦٩,٥٨١ بۆ کڕیارانی ناوخو.

## Oil export, consumption and revenue

**Review of the Kurdistan Regional Government of Iraq's oil production, export, consumption and revenue for the year ended 31 December 2019**

| Oil Exports and Consumption | Period Total |
|---|---|
| Piped export of crude oil (Note 2 and Note 3) | 160,306,283 bbls |
| Crude oil delivered to refineries for MNR refining | 8,737,444 bbls |
| Sales to refineries | 564,476 bbls |
| Local sales | 1,369,581 bbls |
| **Total exported & consumed** | **170,977,784 bbls** |

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت، هەرێم بە دوو نرخی جیا نەوتەکەی فرۆشتووە. نرخێك کە بۆ هەناردەی نەوتە لەڕێی بۆریەوە بەرزترە لەو نرخەی کە دراوە بە کڕیارە ناوخۆییەکان ( پاڵاوگەو کڕیاری ناوخۆ).

نەوتی فرۆشراو لەماوەی ساڵی ٢٠١٩دا بەبڕی دوای ئەوەی خاشاك و ئاوی لێدەرکراوە ١٥٨,٥١٢,٩٦٠ بووە، تێکرا نرخی فرۆشی نەوتی هەرێم بریتی بووە لە ٥٢,٦٧٦ دۆلار و داهاتی بەدەست هاتوو لە فرۆشی نەوت لەڕێی بۆرییەوە کردویەتیە ٨,٣٤٩,٧٤٩,٧٣٣ دۆلار.

| Pipeline Export Sales Analysis | Period Total |
|---|---|
| Net oil lifted by the buyers (net quantity after inventory movement and removal of water content) (Note 3 and Note 4) | 158,512,960 bbls |
| Gross value of crude oil sold | 8,349,749,733 USD |
| Average price per barrel achieved for oil sold | 52.676 USD/bbl |

پاشان نەوتی فرۆشراو بۆ پاڵاوگەو فرۆشی ناوخۆ دێت، کە کۆی بەکاربردنی ناوخۆ جگە لە و بڕەی دراوە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتن بریتی بووە لە ١,٩٣٤,٠٥٧ بەرمیل نەوت و تێکڕا نرخی فرۆش بریتی بووە لە ٤٥,٩٤١ دۆلار و داهاتی فرۆشی ناوخۆش کردویەتیە ٨٨,٨٥١,٥٦٧ دۆلار، واتە داهاتی فرۆشی هەناردە لەڕێگەی بۆریەوە و فرۆشی ناوخۆ بەیەکەوە کردییە ٨,٤٣٨,٦٠١,٣٠٠ دۆلار، ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا داهاتی ئەو ٨,٧٣٧,٤٤٤ ملیۆن بەرمیلە نەوتەیە کە دراوە بە وەزارەتی سامانە سرووشتێکان بۆ پاڵاوتن لە ڕاپۆرتەکەدا باسنەکراوە و پاشتر بەدرێژتر شیکردنەوەی بۆدەکەین.



| Refinery and Local Sales Analysis | Period Total |
|---|---|
| Net oil (crude and condensate) lifted by the buyers (net quantity after removal of water content and evaporation losses during transportation) | 1,934,057 bbls |
| Gross value of crude and condensate sold | 88,851,567 USD |
| Average price per barrel achieved for oil sold (*) | 45.941 USD/bbl |
| (*) Condensate is priced as USD/MT, and has been converted to barrel equivalent for reporting purposes. | |

١- **گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان**: بریتییە لە بڕی ٦٩٦,٥٠١,٧٧٦ دۆلار ئەم پارەیە لەبالآنسی کڕیارەکانی نەوت دەرچووە واتە بەو ئەندازەیە حکومەت نەوتی داوە بە کڕیارەکان پێشەکی پارەی وەرگرتووە، و لەماوەی ئەوسالەدا نەوتەکە رادەست کراوە. واتە لە کۆی داهاتی نەوت وە ردەگیرێت.

٢- **پارەدانی پێشەکی دوورخایەن**: ئەم بڕگەیە ئەو بڕە پارەیە لەو ماوەیەدا (٢٠١٩) وەکو پێشەکی نەوت حکومەت وەریگرتووە. کە بریتییە لە ١,٥٧٢,٧٢٦,٩٠٠ دۆلار.

٣- **سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە:** ئەو سزاو غەرامانەیە کە هەرێم داویەتی بەکڕیارانی نەوت لە بری دواکەوتن و سود و کرێی گواستنەوەی لەکێلگەکانەوە بۆ ناو بۆری کە بڕەکەی ٢٤,٤٤٤,٠٣٧ دۆلار.

٤- **پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان**: ئەو بڕو پارەیەیە کەدراوە بە بەرهەم هێنەکانی نەوت (کۆمپانیاکانی نەوت) بریتییە لە ٢،٥٣٧,١٢١،٢٩٠ دۆلار.

٥- **پارەدان لە بەرامبەر تاریفەی کۆمپانیای وزەی تورکی (TCE) :**کرێی تاریفەی نەوتی بەناو خاکی تورکیادا جیاکردۆتەوە بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوە بەشێکە لە تێچوو خەرجی نەوت کە لەماوەی ئەو ساڵەدا بری ٤٩٤,١٨٦,٣١٥ دۆلار بووە.

٦- **بری پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان (KPC):** بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان کرێی بۆری هەرێم بریتیە لە ٦٤٤,٣٧٢,٨٥٤ دۆلار.

٧- **دانەوەی قەرزی هەریەك لە کۆمپانیای وزەی تورکی (TEC) وەکۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی تورکی (TPCI) :** ئەو بڕەی دراوە بە قەرزی کۆمپانیی وزەی تورکی TEC و کۆمپانیای نێودەوڵێتی پەترۆڵی تورکیی TPIC بریتییە لە٣٦٢,٠٠٠,٠٠٠,٦١٠ دۆلار .

٨- **پارەدان بۆ لایەنی سێیەم کە لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە**: ئەو خەرجیانەی کە جێ کراوەتەوە لەم بڕگەیەدا ناو نراوە خەرجی لایەناکانی تر کە بڕەکەی ٧٨١,٤٨٦,٤٣١ دۆلار.

٩- **داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو لە گرێبەستەکانی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنان (PSA) و لە ڕێککەوتنەکانی پێدانی مۆڵەتی تایبەت بە بۆری هەناردەکردن**: ئەم بڕگەیە بریتییە لە وەرگرتنی بری ٢٩٢,٢٠٦,٤٩٠ دۆلار.

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە لەکۆی پارەی فرۆشراوی نەوتی هەرێم بری ٣١٨,٥٤٠,٧١٩ دۆلار نەگەڕاوەتەوە بۆ هەرێم و لە بانکێکی لوبنانی بەهۆی کێشەی بانکی.

| ڕێڕەوی دارایی بە پێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت | کۆی گشتی بە دۆلار |
|---|---|
| کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە | ٨,٤٣٨,٦٠١,٣٠٠ |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٦) | -٦٩٦,٥٠١,٧٧٦ |
| پارەدانی پێشەکی دوورخایەن . بڕوانە (تێبینی ٧) | ١,٥٧٢,٧٢٦,٩٠٠ |
| سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە، بڕوانە | -٢٤,٤٤٤,٠٣٧ |
| پارە دان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لە بری حکومەتی هەرێم | -٢,٥٣٧,١٢١,٢٩٠ |
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی | -٤٩٤,١٨٦,٣١٥ |
| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆڕیی کوردستان ( بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | -٦٤٤,٣٧٢,٨٥٤ |
| دانەوەی قەرزی هەریەك لە کۆمپانیای وزەی تورکی و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی تورکی T | -٦١٠,٠٠٠,٣٦٢ |
| پارەدان بۆ لایەنی سێیەم کە لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە بڕوابە (تێبینی ٨). ئەم بڕە جگە لە ١٨١،٦٠٩،٦١٩ دۆلار ئەوی تری خەرجی ٢ وەزارەتە (کارەباو سامانە سروشتییەکانە ) | -٧٨١,٤٨٦,٤٣١ |
| داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو لە گرێبەستەکانی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنان و لە ڕێککەوتنەکانی پێدانی مۆڵەتی تایبەت بە بۆری هەناردەکردن. (بڕوانە تێنبنی ١٠ | ٢٩٢,٢٠٦,٩٤٠ |
| کۆی ئەویارانەی لە داهاتی نەوت لە ماوەی ٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١ لە داهاتی نەوت دەرچووە نەگەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان | ٣,٩٢٣,١٧٩,٢٢٥ |
| کۆی ئەویارانەی لە داهاتی نەوت لە ماوەی ٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١ لە داهاتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان (داهاتی هەرێم لە فرۆشی نەوت) | ٤,٥١٥,٤٢٢,٠٧٥ |

# تێبینی ڕوونبیین لەسەر ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت

لەئەنجامی شیکردنەوەمان بۆ برگەو ژمارەکانی ڕاپۆرتەکە چەند تێبینیەکمان بۆ درووست بوو کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو. جگە لەوەی کە ڕاپۆرتەکە بەهیچ شێوەیەك باسی کۆی بەرهەمی نەوتی هەرێم ناکات. دەکرێت بوترێت هەناردەو فرۆشی ناوخۆی بەرهەمە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەهەموو بەرهەم بێت ئەگەر وایە دەبوایە بەڕوونی دەستەواژەی کۆی بەرهەمی نەوتی هەرێم بەکاربهاتایە لەبری هەناردەو بەکارهێنان کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە.

**١-گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان:** لەم برگەیەدا دیلۆیت پێمان دەڵێت بڕی ٦٩٦,٥٠١,٧٧٦ دۆلار لە باڵانسی کڕیارەکان دەرچووە. بەڵام کاتێك سەیری جوڵەی حسابات دەکەین لە چارەکی یەکەم بۆ چوارەم دەبینین لە چارەکی دووەمدا ١١٢,٩٧٣,٥٥١ دۆلار دەرچووە، وەلە چارەکی چوارەمدا ٦٩١,٨٨٢,٢٧٠ دۆلار دەرچووە. کە بەسەر یەکەوە دەکاتە ٨٠٤,٨٥٥,٨٢١ دۆلار.

لەهەمانکاتدا بە دوو گوژمە پارەی خراوەتە سەر لەلایەن کڕیارەکانەوە, لە چارەکی یەکەمدا ٤٥,٤٦١,٣١٤ وە لە چارەکی سێهەمدا ٦٢,٨٩٢,٧٣١ کە کۆی ئەم دوو بڕە دەکاتە ١٠٨,٣٥٤,٠٤٥. دیلۆیت هەمووئەم پارەیەی کە هاتووەتە سەر حسابی کڕیارەکان لە کۆی ئەو پارەیەی لە حسابی کڕیارەکان دەرچووە دەرکردووە. کەواتە ئەو پارەیەی لەحسابەکە( باڵانسی فرۆشی نەوت) دەرچوە لەم برگەیەدا بریتیە لە ٨٠٤,٨٥٥,٨٢١ دۆلار نەك ٦٩٦,٥٠١,٧٧٧. وە ئەو بڕەی کە زیاد کراوە (١٠٨,٣٥٤,٠٤٥) بۆ باڵانسی حسابی کڕیاران دیسان بە داهات ئەژمار دەکرێت چونکە حکومەت وەری گرتووە لەماوەی ساڵەکەدا.

| جیاکردنەوەی داهات و خەرجی | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم | هەمووساڵی ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە | 2,032,863,797 | 2,295,626,983 | 1,990,417,608 | 2,119,692,912 | 8,438,601,300 |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان. پۆزەتیف | 45461314 | | 62,892,731 | | 108,354,045 |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان. نێگەتیف | | 112973551- | | 691882270- | 804,855,821- |

**٢-پارەدانی پێشەکی دوورخایەن:** ئەم برگەیە ئەو بڕە پارەیە لەو ماوەیەدا (٢٠١٩) وەکو پێشەکی نەوت حکومەت وەریگرتووە. بریتییە لە ١,٥٧٢,٧٢٦,٩٠٠ دۆلار. ئەم بڕە پاریە جیاوازە لە داهاتی فرۆشی نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگای بۆری و فرۆشی نەوتی ناوخۆ. حکومەتی هەرێم ئەم بڕە پارەیەی وەرگرتووە وەکو پێشەکی کە لە ئایندەدا دەبێت لە بری

نەوت ڕادەستیبکات. بەڕای ئێمە دەکرا بە خشتەیەکی جیا ئەو پارانەی لە فرۆشی نەوتی ئەو ساڵە و خەرجیەکانی دابنرایە و هەرداهاتێکی تر کە هەیە جیابکرایەتەوە، بۆیە ئێمە جیامان کردووەتەوە تاوەکو بەڕوونی دیار بێت حکومەت لەماوەی ساڵەکەدا چەند پارەی هاتووەتە دەست و بەچ میکانیزمێك وەری گرتووە.

لەکۆتایدا پارەی فرۆشی نەوت و پێشەکی نەوتیش بەیەکەوە ئەژمار کراوە، ئەو ژمارەیەی لە کۆتایی خشتەکەدا دەمێنێتەوە بۆ حکومەت بۆ کەسێکی ئاسایی وادەردەکەوێت کە تەنها داهاتی فرۆشی نەوتە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، بەڵکو فرۆش وپێشەکی نەوت و ئەوپارەیەشە کە لەخاڵی ٩ دا حکومەت وەری گرتووە. ئەوپارەی لە فرۆشی نەوت دەمێنێتەوە زۆر لەوبڕە کەمترە.

٣-**سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە:** ئەو سزاو غەرامانەیە هەرێم داویەتی بەکڕیارانی نەوت لە بری دواکەوتن و سود و کرێی گواستنەوە لەکێڵگەکانەوە بۆ ناو بۆری کە برەکەی ٢٤,٤٤٤,٠٣٧ دۆلار.

ئەم برگەیە لە هەموو ڕاپۆرتەکانی دیلۆیتدا هەیە و حکومەت بەبەردەوام چەندین ملیۆن دۆلار دەدات بەسزای دواکەوتن و جیاوازی جۆری کوالیتی نەوت. پرسیارەکەی ئێمە لێردا ئەوەیە ئایا حکومەت چ میکانیزمێکی هەیە بۆئەوەی ئەم سزایانە کەم بکرێتەوە؟ نەدەتوانرا کەمترین سزا بدرانایە بەتایبەتی سزای دواکەوتن و جیاوازی جۆری نەوتەکە؟ هەروەها لەم برگەدا و لە تێبینی ٧دا کاتێك لە وردەکاری ئەو برە پارەیە دەڕوانین تێبینی ئەوە دەکەین بری ١٠,٤٥٠,٠٢٩ دۆلار پارەی گواستنەوەیە لە کێڵگەکانەوە بۆ خاڵی داخڵبوون بە بۆری هەرێم. ڕاستە ئەم پارەیە هەر خەرجییە بەڵام دەبێت لەگەڵ تێچوی گواستنەوە ئەژمار بکرێت (گواستنەوەی بۆری و تەنکەر هەر گواستنەوەیە). ئایا ئەم برە بۆ گواستنەوەی چەند بەرمیل نەوتە؟ تاوەکو بزانین تێچوی بەرمیلێك لە ڕێگەی تەنکەرەوە چەندە.

٤-**پارەدان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرانی نەوت لەلایەن یان لە بری حکومەتی هەرێمی کوردستان:** ئەو برە پارەیەی کەدراوە بە بەرهەم هێنەکانی نەوت (کۆمپانیاکانی نەوت) بریتییە لە ٢،٥٣٧,١٢١،٢٩٠ دۆلار وە دەکاتە ٣٠% هەمووداهاتی نەوت. ئەم برە کرێی بۆری هەرێم و تاریفەی تورکیا و گواستنەوە لە ڕێی تەنکەرەوە تێدا نییە کە ئەوانەش خەرجی و تێچوی نەوتە و بەجیا ئەژمار کراون. ئەو خاڵەی کە لەهەموو ڕاپۆرتەکانی دیلۆیتدا دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە پشکی کۆمپانیاکانی نەوت لە خەرجی و قازانج جیا نەکردۆتەوە. دەکرێت بوترێت کە کاری دیلۆیت نییە ئەوکارە بکات ،بەڵام ئامانج لە هێنانی دیلۆیت بۆ وردبینی کردن لە داهاتی نەوت بۆ ئەوەبوو کە روونی و شەفافییەت دروست ببێت، ئەوکات حکومەت دەیتوانی داوای لە دیلۆیت بکردایە کە قازانج و خەرجی کۆمپانیاکانی نەوت جیا بکاتەوە،گرنگی ئەم جیاکردنەوە لەوەدایە، ئەوکەسانەی چاودێری دەکەن  بۆ یان دەردەکەوێت کا ئێستا بەپێێ گرێبەستەکان لە چ قۆناغێك داین بەپێی ئەو فۆرمۆلە ماتماتیکیەی دانراوە بۆ دابەش کردنی قازانجی کۆمپانیاو هەرێم، وەئاستی خەرجیەکانیش بەدەردەکەوێت. ئەوکات دەمانزانی کە پشکی کۆمپانیاکان چەندی خەرجی و چەندی قازانجە، و دەشزانین حکومەت لەبری کۆمپانیاکان چەند باج دەدات (یان چەند باج وەرناگرێت) چونکە بەپێی گرێبەستەکان ناڵێت کۆمپانیا لەباج بەخشراوە بەڵکو دەڵێت هەرێم لەبری کۆمپانیا باج دەدات. واتە ئاستی ئەوزیانەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەهۆی وەرنەگرتنی باجەوە هەرێم دەیکات. کە بە پێی شیکردنەوەکانی ئێمە ئەگەر ڕێژەی ٤٠% باج وەربگیرێت ئەوا بەنرخی ٢٠ دۆلار هەرێم  مانگانە نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلار داهاتی باجی کۆمپانیاکانی نەوت و بۆری دەبێت، کە نرخ دەگاتە سەرو ٤٠ دۆلار بۆ زیاتر لە ٤٠

ملیۆن  دۆلار مانگانە بەرز دەبێتەوە. وە لەساڵێكدا بە نرخی ٢٠ دۆلار كۆی باجی كۆمپانیای نەوت و كۆمپانیای بۆری گواستنەوەی نەوت دەكاتە زیاد لە ٢٤٠ ملیۆن دۆلار.

٥-**پارەدان لە بەرامبەر تاریفەی كۆمپانیای وزەی توركی (TCE) :**كرێی تاریفەی گواستنەوەی ئەو نەوتەی كە بە خاكی توركیادا تێدەپەرێت لەماوەی ئەوساڵەدا بریتیە لە ٤٩٤,١٨٦,٣١٥ دۆلار. ئەگەر دابەشی بكەین بەسەر تێكڕای بڕی ئەو نەوتەی لەو ساڵەدا گەیشتۆتە بەندەری جیهانی توركی، دەگەینە ئەودەرەنجامەی تاریفەی بەرمیلێك نەوت كە بە خاكی توركیادا تێپەڕیوە بریتی بووە لە ٣,٠٨٢ دۆلار.

٦-**بڕی پارەی دراو بۆ كۆمپانیای بۆریی كوردستان (KPC) :**بەگوێرەی ڕێككەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەكان، كرێی بۆری هەرێم دانراوە بە ٦٤٤,٣٧٢,٨٥٤ دۆلار. ئەگەر وەكو تاریفەی توركیا ئەژماری بكەین ئەوا كرێی یەك بەرمیل نەوت لە ناوخاكی هەرێمدا دەكاتە ٤ دۆلار و١٩ سەنت. ئەوەی جێ سەرنجە بڕی ٠,٩٣٧ دۆلار تێچوی گواستنەوەی ناو هەرێم زیاترە لە تێچوی گواستنەوەی نەوت لە ناو خاكی توركیا. لە كاتێكدا بۆری هەرێم راستە ئێستا لە لایەن كۆمپانیای رۆسنەفتی روسیەوە ٦٠٪ خاوەنداری دەكرێت و ٤٠٪ تریش هی كۆمپانیای كارە، بەڵام هەرێم ساڵی ٢٠١٧ پشكەكەی خۆی بە رۆسنەفت فرۆشتووە، دەبوایە كاتێك واز لە پرۆژەیەكی گرنگی وا دەهێنیت كە بەشێكی سەرەكییە لە ژێرخانی نەوت ئەوە ڕەچاوبكرایە كە لانی كەم لە كرێی توركیا كەمتر بوایە. لەلایەكی ترەوە، درێژی بۆری توركیا زۆر لەوەی هەرێم زیاترە وە ئەگەر ورد تریشی بكەینەوە نزیكەی نیوەی بەرهەمی هەرێم نزیكە لەسنوری توركیاوە و لە پارێزگای دهۆكە و بەشێكی زۆری تریشی لە خورمەڵەیە. كەواتە لەسەر بنەمای ئەوخاڵانەی سەرەوە دەبێت كرێی ناو هەرێم هەرزانتر بێت.

٧-**دانەوەی قەرزی هەریەك لە كۆمپانیای وزەی توركی (TEC) و ەكۆمپانیای نەوتی نیودەوڵەتی توركی(TPCI) :**ئەو پارەیەیە دراوەتەوە بەقەرزی كۆمپانیی وزەی توركی TEC و كۆمپانیای نیودەولێتی پەترۆڵی توركیی TPIC كە دەكاتە ٦١٠ ملیۆن و ٣٦٢ دۆلار. ئەوەی نازانرێت ئەوەیە ئەم برە بۆچی قەرز كراوە و چەند قەرزی ئەو كۆمپانیایە لای هەرێم ماوەتەوە. وەهەموو قەرزێك سودی دەچێتە سەر، بڕی سودەكەی چەندە؟

٨-**پارەدان بۆ لایەنی سێیەم كە لەلایەن یان لە بری حكومەتی هەرێمی كوردستان دراوە:** ئەو خەرجیانەی كە جێ كراوەتەوە لەم برگەیەدا ناو نراوە خەرجی لایەناكانی تر كە برەكەی ٧٨١,٤٨٦,٤٣١ دۆلار. كاتێك ورد دەبینەوە لەم خەرجیانەی لە تێبینی ٩ دا وەردەكارێكەی هاتووە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە تێكەڵییەك هەیە لەم خەرجیانەشدا. هەندێكی خەرجی ئاسایی حكومەتە وە هەندێكی تریش قەرزە كە ئێمە لێرەدا لەبەر ئەوەی سرۆشتی قەرزەكە نازانین دەیخینە سەر ئەو خەرجیانەی داهاتی نەوت. بەشەكەی تری خۆی لە كرێی كارەباو سوتەمەنی بۆ وەزارەتی كارەباو كرێی پێوەری زیرەك لەگەڵ خەرجی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان ئەمانە دەبوایە وەكو داهاتی هەرێم بگەڕایەتەوە ناو خەزێنەی وەزارەتی دارایی، لەوێوە جارێكی تر دابەشكرایە بەسەر وەزارەتەكاندا. ئەم كارە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان لەوكاتەوەی دروست بووە بەردەوام بەم كارە هەستاوە، بەوەی رۆڵی وەزارەتی دارایی دەبینێت و ئەو لایەنەیە كە پارە بە وەزارەتەكان دەدات. پێشتر لە ڕاپۆرتەكانی وەزارەتی سامانە سروشتیەكاندا بینیمان كەچۆن پارە داداتە بە وەزارەت و دەزگاكانیی سەر بە حكومەتی هەرێم . لەغیابی سندوقی داهاتە نەوتیەكان دەبێت وەزارەتی دارایی ئەو لایانە بێت كە هەموو داهاتە نەوتیەكانی هەرێمی بۆ بگەڕێتەوە. بۆیە ئێمە لێرەدا جیا كارییەك دەكەین لە نێوان قەرزەكان و خەرجی وەزارەتەكان.

لە کۆی ئەو پارەیە بڕی ١٧٨,١٣٣,٣٣٧بۆ پاکتاوی قەرزی حکومەت چووە و بڕی ٣,٤٧٦,٢٨٢ بۆ ڕێکاری یاسایی چووە کە ئەم دوانە دەچنە خەرجی نەوتەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە بەداهات ئەژمار دەکرێت.

تێبینیەکی تر کە بۆمان دروست دەبێت لەسەر ئەوپارەیەیە کەدراوە بە پاڵاوگەکان لە بڕی پاڵاوتنی ٨,٧٣٧,٤٤٤ بەرمیل نەوت کە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پاڵێوراوە، کە یەکسانە بە ٢١ دۆلار ٣٥ سەنت بۆ پاڵاوتنی هەر بەرمیلێك نەوت، لە کاتێکدا لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ دا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ١٧ دۆلار بۆ پاڵاوتنی بەرمیلێك نەوت دەدا بەپاڵاوگەکان. بە پێی لێدوانی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لە لێژنەی ووزە هەمان ئەو پاڵاوگانە نەوت بۆ حکومەتی عێراق دەپاڵێون بە نرخی ١٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، کە لە هەربەرمیلێك نەوتدا ١١ دۆلار زیاتر لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن.

| Oil Exports and Consumption | Period Total |
|---|---|
| Piped export of crude oil (Note 2 and Note 3) | 160,306,283 bbls |
| Crude oil delivered to refineries for MNR refining | 8,737,444 bbls |
| Sales to refineries | 564,476 bbls |
| Local sales | 1,369,581 bbls |
| **Total exported & consumed** | **170,977,784 bbls** |

**Note 8**

Payments to other parties of USD 781,486,431 is made up of the following:
i. USD 342,592,153 for supply of electricity to the Kurdistan Region;
ii. USD 186,629,355 for refinery processing fees; پارە دراوە بە پاڵاوگەکان بۆ پاڵاوتنی نەوت
iii. USD 178,133,337 for the settlement of debt by the KRG;
iv. USD 54,062,038 for fuel purchased for the Ministry of Electricity;
v. USD 13,266,415 for logistical support services provided to the MNR;
vi. USD 3,476,282 for legal services and retainer for the KRG;
vii. USD 1,801,148 for services provided to the Ministry of Electricity (Smart metering project); and
viii. USD 1,525,703 in connection with the gas pipeline project.

نەوتی خاو کاتێك بەرهەم دەهێنرێت و کڕیارەکان دەیکڕن بۆ ئەوەیانە بیپاڵێون و قازانج لە فرۆشی بەرهەمەکانی بکەن ئەگینا نەوتی خاو بەبێ پاڵاوتن سودی نییە. کەواتە هەرێم دەبێت بە پاڵاوتنی نەوت قازانج بکات لە بەرهەمەکانی (بەنزین، دیزڵ، بەنزینی فرۆکە، نەوتی سپی ماڵان و گازی ماڵان (LPG)) بەوپێیە بێت لەو ٨ ملیۆن ٧٣٧ هەزار و ٤٤٤ بەرمیلە دەبێت لە داهاتی هەناردە زیاتری دەست کەوتبێت. کە ئەگەر لە ڕێگەی بۆریەوە ئەم بڕە نەوتە بیفرۆشرایە داهاتەکەی دەیکردە ٤٦٠ ملیۆن و ٢٥٣ هەزار و ٦٠٠ دۆلار. ئەوەش دەزانین لە ساڵی ٢٠١٩دا هەرێم نەوتی سپی دابەشنەکردووە بەسەر هاوڵاتیاندا، **پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا داهاتی بەرهەمە نەوتیکان چی لێهاتووە؟**

بە پێی لێکدانەوەکانی ڕوونبین لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە بەردەستە بۆ توانای پاڵاوتنی نەوت لە پاڵاوگەی بازیان وە ڕێژەی هەریەك لە بەرهەمەکانی نەوت کە بەرهەم دێت، بۆمان دەردەکەوێت داهاتی بەنزین ، دیزڵ، نەوتی ڕەش، نەوتی سپی و بەنزینی فرۆکە بە پێ نرخی پشتگیری کراو (لە نرخی بازار کەمتر) ١٤٠,٥١٦,٤٤٨ ملیۆن دۆلارە.

وە ئەگەر پارەی پرۆسەکانی پاڵاوتنی لێ دەرکەین کە حکومەت داوێتی بە پاڵاوگەکان کە وەك لە سەروە باسمان کردووە نرخێکی زۆر زیاترە لە نرخی ئاسایی و بریتیە لە ١٨٦,٦٢٩,٣٥٥ ملیۆن دۆلار، ئەوا حکومەتی هەرێم تەنها بڕی ملیۆن

١٤٠,٥١٦,٤٤٨دۆلاری دەست کەوتووە لە بەرهەمە پاڵێوراوەکان. داهاتی بەرهەمە نەوتیەکان لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێ نەکەراوە. ئەم برە پارەیە نرخی غازی ماڵانی تیا نیە کە نزیکەی ١٧,٤٧٤ تەن دەبێت لە ساڵەکەدا.

| نەوتی دراو بە پالاوگە/ بەرمیل | 8,737,444.00 | ١بەرمیل نەوتی خاو = ١٥٩ لیتر | | نەوتی دراو بە پالاوگە/ لیتر = | | 1,389,253,596 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی نەت | ڕێژە لە برمیلێك | بەرمیل | لیتر | نرخ دینار | داهات بە دینار | داهات بە دۆلار |
| بەنزین | 21.23% | 1,854,959 | 294,888,735 | 250 | 73,722,183,750 | 61,435,153 |
| دیزل | 23.58% | 2,060,289 | 327,654,150 | 150 | 49,148,122,500 | 40,956,769 |
| نەوتی رەش | 42.45% | 3,709,045 | 589,777,470 | 10 | 5,897,774,700 | 4,914,812 |
| نەوتی سپی | 3.14% | 274,356 | 43,622,563 | 200 | 8,724,512,600 | 7,270,427 |
| بەنزینی فرۆکە | 3.93% | 343,382 | 54,609,025 | 570 | 31,127,144,250 | 25,939,287 |
| گازی ماڵان/ تۆن | 0.20% | 17,475 | | | | |
| | 94.5% | | کۆی داهاتی بەرهەمە نەوتیەکان | | 168,619,737,800 | 140,516,448 |
| | | | | | پارەی دراو بە پالاوگەکان | 186,629,355 |

خاڵێکی تری جێی سەرنج هەر سەبارەت بە کرێ و پارەی پاڵاوگە کان ئەوەیە لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ دا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بڕی ٢ملیۆن و ٤٣٧ هەزار و ٥٢٤ بەرمیل وەرگرتووە بۆ پاڵاوتن، بەڵام لەو چارەکەدا کرێی پرۆسەکانی پاڵاوتن بریتییە لە ١٨٠,٠٠٠,١٢٠ دۆلار کە دەکاتە لە ٩٤٪ی هەموو ئەو پارەیەی دراوە بە پاڵاوگەکان. بەڵام لە چارەکی دووەمدا بۆ ٢,٤٠٨,٣٠٩ بەرمیل تەنها ٦,٦٢٩,٢٣٥ دۆلار دراوە بە پاڵاوگەکان، و لە دو چارەکی کۆتایی ساڵدا پاڵاوگە هیچ برە پارەیەکی وەرنەگرتووە. ئەمە دەمانخاتە بەردەم دوو گریمانە، یەکەم یا ئەوەتا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پارەی پاڵاوتنی نەوتی پێشەکی داوە بە پاڵاوگەکان و هاوکاری کردوون، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٩دا کێشەی دابەشکردنی موچەی هەبووە و کێشەی داهاتی هەبووە. ئەگەر ئەوە وابێت ئەم هەنگاوە لەجێی خۆیدانییە بەڵکو حکومەت لەهەموو لایەك زیاتر پێویستی بەهاوکاری هەبووە لە پێناو خزمەتی گشتی و دابین کردنی داهات بۆ موچەی فەرمانبەران نەك بە پێچەاونەوە. ئەگەر ئەم دەرئەنجامە وانەبێت ئەوکات ڕوبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە سەرئەنجامی ئەم برە نەوتە چی لێ هاتووە؟ **وە پرسیار لەسەر ئەوپارەیە دروست دەبێت کە دراوە بە پاڵاوگەکان.**

گریمانەکەی تر ئەوەیە هەرێم لەژێر ناوی پاڵاوگەکاندا قەرزێکی تری داوەتەوە و ئاشکرای ناکات؟ ئەگەر وابێت گرفتەکە گەورەترەو پرسیار لەسەر کۆی پرۆسەکە دروست دەکات.

| | نەوتی پاڵاوگەکانی هەرێم | پارەی پاڵاوگەکان بۆ پاڵاوتن |
|---|---|---|
| چارەکی یەکەم | 2,437,524 | 180,000,120 |
| چارەکی دووەم | 2,408,309 | 6,629,235 |
| چارەکی سێهەم | 2,105,543 | |
| چارەکی چوارەم | 1,786,068 | |
| **کۆی ساڵی ٢٠١٩** | **8,737,444** | **186,629,355** |
| نرخی تێچوی یەك بەرمیل نەوت | | 21.36 |

**٩- ئەم برگەیە بریتییە لە داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو لە گرێبەستەکانی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنان (PSA) و لە ڕێککەوتنەکانی پێدانی مۆڵەتی تایبەت بە بۆری هەناردەکردن:** واتە ئەو پارەیە پەیوەستە بە پرۆسەی نەوتەوە، بەڵام

داهاتی فرۆشی نەوت نیە. ئەتوانرێت وەکو پاداشتی گرێبەستەکان ناوزەد بکرێت. پەیوەندی نییە بە بەرهەمی ئەوساڵەوە کە بریتییە لە ٢٩٢,٢٠٦,٤٩٠ دۆلار.

| | جیاکردنەوەی داهات و خەرجی | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم | هەمووساڵی ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە | 2,032,863,797 | 2,295,626,983 | 1,990,417,608 | 2,119,692,912 | 8,438,601,300 |
| ١ | کۆی ئەو پارانەی جگە لە داهاتی فرۆشی نەوت هەرێم وەری گرتووە | 1,455,913,502 | | 517,373,933 | | 1,973,287,435 |
| ٢ | گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان | 45,461,314 | | 62,892,731 | | 108,354,045 |
| ٣ | داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو لە گرێبەستەکانی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنان و لە ڕێککەوتنەکانی پێدانی مۆڵەتی تایبەت بە بۆری هەناردەکردن. | 288,644,188 | | 3,562,302 | | 292,206,490 |

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لەکۆی پارەی فرۆشراوی نەوتی هەرێم بڕی ٣١٨,٥٤٠,٧١٩ دۆلار لە بانکێکی لوبناندایە نەگەڕاوەتەوە بۆ هەرێم بە هۆی کێشەی بانکی یەوە.

١٠. **خاڵێکی تری جێ ی سەرنج سەبارەت بە نرخی فرۆشی نەوتی ناوخۆیە:** کە جیاواز لە نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگای بۆریەوە بە تێکڕا ٤٥،٩٤١ دۆلار بووە. لە کاتێکدا نەوتی هەناردەکراو لە ڕێگای بۆریەوە تێکرا بە ٥٢،٦٧٦ فرۆشراوە. لە ساڵانی ڕابردوودا دوو جۆر فرۆش هەبووە. فرۆشی ناوخۆی و فرۆش لە ڕێگای تەنکەرەوە هەمیشە کەمتر بووە، بەهانەکەش ئەوەیە کە تێچووی ئەمبار کردن و گواستنەوە زیاتر بووە. جیاواز لە ڕاپۆرتەکانی پێشوو هیچ ڕوونکردنەوەیەك نەدراوە کە بۆچی ئەم جیاوازیە هەیە لە نرخدا. ئەوەش دەزانین لایەنی سودمەند لە کەمی نرخ حکومەت نییە بەڵکو کڕیارەکانە، ئەوانیش کەرتی تایبەتن.

## شرۆڤەی کارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دۆسیەی نەوت

هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی باش کێشەی یاسایی نییە لەبواری نەوتدا بەڵکو کێشەکە لە بوارە کرداریەکەدایە (جێبەجێ کردنی یاساکان). لانی کەم پێنج یاسا هەیە کەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چالاکییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ڕێك خستنی کاروبارەکانیان هەرلە یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، و یاسای نەوت و گاز و یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازیەکان تا یاسای چاودێری دارایی و یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریی.

١. یاسای نەوت و گازی هەرێم بڕگە گرنگ و جەوهەرییەکانی پشتگوێ خراوە و حکومەتی هەرێم هەتا ئەم ساتە وەختە چەند مادەیەکی گرنگی یاساکەی جێ بەجێ نەکردووە کە ڕاستەوەخۆ پەیوەستە بە بنیادنان و ڕێکخستنی ژێرخانی نەوتی هەرێمەوە، وە ماوەی نزیکەی ١٣ ساڵە دواکەوتووە و بەبێ هیچ هۆیەکی تەکنیکی. بە پێی ئەو یاسایە دەبوایە ئەم چوار کۆمپانیایە درووست بکرایە (١. کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمێنان (KEPCO)، ٢ . کۆمپانیای کوردستانی نیشتیمانی نەوت(KNOC)، ٣. کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت (KOMO)، ٤. کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی (KODO)).گرنگی ئەم کۆمپانیایانە لەوەدایە هەلی کاری ناوخۆ زیاد دەکات، پسپۆری خۆماڵی پێدەگەیێنێت وە پشتی پێ دەبەستێت، لە ئەنجامیشدا دەتوانێت کۆنترۆڵی بەڕێوبردنی سەکتەری نەوت بکات بەشێوەیەکی باشتر. ئێستا هەندێك لە گرێبەستە نەوتیەکان پانزە ساڵ زیاتری تێپەڕاندووە. بۆ نموونە گرێبەستی کۆمپانیای گەنەڵ ئێنرجی لە کێڵگەی تەق تەق وە گرێبەستی کۆمپانیای دی ئێن ئۆ لە کێڵگەی تاوکێ لە ساڵی ٢٠٠٤ دا

ئیمزا کراون. و ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بین وە کۆمپانیاکان درووست نەکرێن، ئەوە لە کاتی کۆتای هاتنی گرێبەستەکاندا هەروەك سەرەتای گرێبەستەکان هیچ جێگرەوەیەکی کۆمپانیا نێودەولەتێکانمان نیە، وە ناچار دەبین کە بەهەمان مەرجی سەرەتای کارکردنمان رازی بین و هیچ جۆرە پسپۆریەکیش بەدەست ناهێنین. بۆیە تا رۆژێك زووتر دەستپێشخەری بکەین لە درووستکردنی ئەم چوار کۆمپانیانە، شارەزایی زیاتر بەدەست دەهێنین و باشتر ئەم کەرتە بەرێوەدەبەین لە ئایندەدا.

بەپێی یاسای نەوت وگاز سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری ئەو کۆمپانیایانە دەبێت لالایەن پەرلەمانەوە متمانەیان پێ بدرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەم کۆمپانیایانە درووستکرابن سەرۆکی حکومەت تەنها دوای یەك ساڵ لە دەرچوونی یاسای نەوت و گاز بەناوی کۆمپانیای کیبکۆ KEPCOوە چەند گرێبەستێکی ئیمزا کردووە، لە ناویاندا گرێبەستی کێڵگەی هەولێر لە نێوان کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی کۆریا (Korea National Oil Corporation) و کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنان (KEPCO)، نیچیرڤان بارزانی لە بری کۆمپانیای کێبکۆ ئیمزای کردووە. یاسایی بوون و نەبوونی کۆمپانیایەك کە بوونی نەبێت بۆ پەرلەمان و داواکاری گشتی جێ دەهێڵین.

دواتر لە ای نیسانی ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی کوردستان یاسای سندوقی داهاتە نەوتێکانی دەرکرد. ئەم کارە ئەرکێکی یاساییە لەئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی (یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان). ئەم دامەزراوانە بەیەکەوە تەواوکەری یەکترین و دەکرا دۆسیەی نەوت لەئاستێکی تارادەیەک بەرزدا بەرەوپێشبەرێت.

٢. دیلۆیت بەرپرسە بەرانبەر ئەنجومەنی نەوت وگازی هەرێم چوونکە گرێبەستی لەگەڵ ئەوداهەیە و پابەندی رێکەوتنەکەیەتی، ئەوە تێدەگەین و بەشێکە لە پابەندی گرێبەستەکەی نێوانیان. ئەی ئەنجومەنی نەوت و گاز کە لە سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و سامانە سروشتییەکان و پلان دانان پێك دێت بەرانبەر کێ بەر پرسیارە؟ کێ متمانەی پێداون؟ ئەسڵ وایە پەرلەمان ئەولایەنەیە کە متمانە دەدات بە حکومەت و لێپرسینەوەی لێدەکات. لە کاتێکدا ئێمە باسی روون بینی و شەفافییەت دەکەین، لە بازنەیەکی فراوانتردا هاوڵاتیش متمانەی بەو نوێنەرانە داوە لەپەرلەمان، ئەوانیش حکومەت هەڵدەبژێرن، بۆیە مافی هاوڵاتیشە لە وردەکاری داهات و خەرجی ئاگاداربێت. هەروەها دەستخستنی زانیاری بەشێکە لە مافی مرۆڤ بەواتایکی تر شاردەنەوەی زانیاری پێشێلی مافی مرۆڤە.

هەرچەند" نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەوکات لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ دا باسی گرێبەستی دیلۆیت و ئێرنست یونگی کرد وە هەر ئەوکاتیش ووتی:

> "ئێمە لە رۆژانی داهاتوودا هەموو وردەکاری ئەو راپۆرتە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان باسدەکەین، رێککەوتووین لەگەڵیان باس بکەین پێش ئەوەی هەموو ژمارەکان بڵاوبکرێنەوە، دوای ئەوە هەموو ئەو ژمارانە و هەموو ئەوانەی لە راپۆرتی دیلۆتدا هاتوون بۆ خەڵکی کوردستانیان بڵاودەکەینەوە."

هەموو ئەوانەی لە راپۆرتی دیلۆیتدا هاتووە هەر ئەمەیە یان راپۆرتی دووەمیش هەیە کە بۆشایی و پێشنیارەکان دەخاتە بەردەست ئەنجومەنەکە، تائێستا نە پەرلەمان و نە رێکخراوەکانی تایبەتمەندی بواری نەوت و شەفافیەت هیچیان پێنەدراوە هەرچاوەرێی ئەو رۆژەن کە بێت.

٣. نزیکەی چوار ساڵە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای ئی ئاند وای E&Y بۆ وردبینی لە داهاتی پاداشتە نەوتییەکان (شیرینیە نەوتییەکان) کراوە (چ پاداشتی ئیمزاکردن بێت یان پاداشتی بەرهەم هێنان یان پاداشتی گەشتن بەئاستێکی دیاری کراو

لەبەرهەم) کە بڕە پارەیەکی زۆر وەرگیراوە و گومانی بەهەدەردانی زۆر دەکرێت تیایدا، ئایا جێی پرسیار نییە کە دوای ئەو هەموو ساڵە و دوای ئەوەی کۆمپانیای دیلۆیت وردبینی سێ ساڵ تەواو دەکات، بەڵام تەنها بە ڕستەیەکیش باسی وردبینی شیرینییە نەوتیەکان نەکراوە؟! پرسیارێك دەبێت بکرێت ئەوەیە بۆچی پەرلەمان بێدەنگە؟ ئێمە لە ڕوونبین لە خولی پێشودا پرسیارمان لە پەرلەمان و حکومەت کردووە و لە ڕاگەیاندنەکان بەردەوام ئەو باسەمان وروژاندووە بەڵام سەیرە هەموان بێدەنگی هەڵدەبژێرن لەکاتێکدا بانگشەی شەفافییەت دەکرێت و یاسایەکیش هەیە کە مافی دەستکەوتنی زانیاری دەدات بە هاوڵاتی، و لە پەرلەمان دەرچووە (یاسای ژمارە ١١ ساڵی ٢٠١٣) وبەتایبەت لەمادەی پێنجی یاساکەدا هاتووە کە دەڵێت:

> " هەمووکەسێك مافی ئەوەی هەیە کە داوا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێشکەش بکات ئەگەر ئەو بەڵگەنامەیەی کە زانیاریە داواکراوەکانی تێدایە لای ئەم دام و دەزگایەبێت کە داواکەی ئاڕاستەکراوە ئەوا پێویستە دانەیەك لەو بەڵگەنامەیەی پێ بدات"

٤. بۆری نەوتی هەرێم یەکێك بوو لەپرۆژە گرنگەکانی پەیوەست بەژێرخانی ئابووری هەرێمەوە، لەرێیەوە توانرا نەوتی هەرێم ببەسترێتەوە بە بەندەری جیهانی تورکیەوە لە سەر دەریای سپی ناوەڕاست وە لەوێوە بگەیەنرێتە دەست کڕیارەکانی نەوت و بازاڕی جیهان. هەرێم ساڵی ٢٠١٧ کاتێك کە گرفتی دارایی بۆ درست بوو پشکەکەی خۆی بە رۆسنەفت فرۆشت، دەبوایە کاتێك واز لە پرۆژەیەکی گرنگی وا دەهێنیت کە بەشێکی سەرەکییە لە ژێرخانی نەوت ئەوە رەچاوبکرایە کە گرێبەستی فرۆشتنەکە بەشێوەیەك دابرێژرایە کە بەرژەوەندی درێژخایەنی هاوڵاتیانی کوردستان رەچاوبکرایە، لانی کەم کرێی هەرێم لە کرێی بۆری تورکیا کەمتر بوایە. لەلایەکی ترەوە، درێژی بۆری تورکیا زۆر لەوەی هەرێم زیاترە وە ئەگەر ورد تریشی بکەینەوە نزیکەی نیوەی بەرهەمی هەرێم نزیکە لەسنوری تورکیاوە. کەواتە لەسەر بنەمای ئەوخاڵانەی سەرەوە دەبێت کرێی ناو هەرێم هەرزانتر بێت، بەڵام کاتێك نرخی تێپەربوونی بەرمیلێك نەوت نزیکەی دۆلارێك زیاترە لە تاریفەی تورکیا، نیشاندەری ئەوەیە تیمی دانوستکاری هەرێم لاوازبووە لە دانوستاندن لەگەڵ رۆسنەفت. ئەم خاڵەمان هەستپێکرد لەکاتی گرێبەستی داناگازدا و لەراپۆرتی پارساڵی ڕێکخراوی ڕوونبیندا بەدرێژی باسی خەمساردی و لێنەزانی تیمی هەرێم مان کرد و مامەڵەکردنێکی نا پرۆفیشناڵانە لەگەڵ گرێبەستەکەدا کرابوو. دەبوایە بۆ ئەم گرێبەستەی رۆسنەفت وانەیەی باش وەربگیرایە و بەرژەوەندیەکانی هەرێم باشتر رەچاوبکرایە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە تورکیا ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە پاراستنی بۆرییەکە لەناو خاکی خۆیدا، بەڵام کۆمپانیای رۆسنەفتی روسی و کۆمپانیای کار پێی ناچێت ڕاستەوخۆ ئەم بەرپرسییەتیە بگرنە ئەستۆ لە ناو خاکی کوردستان، بەڵکو حکومەتی هەرێم ئەو ئەرکەی لەسەر خۆی داناوە.

٥. لە حکومەتێکی سیستەماتیکدا دەبێت هەر وەزارەتە دەورو ڕۆڵی خۆی ببینێت. وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ڕۆڵی حکومەتێکی بچووککراوەی بینیوە لەناو حکومەتدا، لەبری ئەوەی داهاتی نەوت بەتەواوەتی بگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بە پێچەوانەوە سامانە سرووشتێکان داهاتی بەسەر وەزارەتەکاندا دابەش کردووە. نەبوونی چاودێری بەسەر هەر دەزگا و تەنانەت کەسێکیشەوە زەمینەی گەندەڵی ساز دەکات بۆ ئەو کەس و دەزگایە. لەحکومەتدا پەرلەمان ئەودەزگایەیە کە دەبێت چاودێر بێت بەسەر کارو چالاکییەکانی حکومەتەوە، لەوەزیاتریش دەزگایەك هەیە بەناوی چاودێری دارایی کە کاری وردبینییە، بەڵام لە پرۆسەکانی نەوتدا بەهەموو شێوەیەك کەنار خراون، بە بەهانەی زۆر لاواز ڕێگەیان پێنەدراوە کە چاودێر بن و کاری وردبینی خۆیان لە بەرهەم و داهاتی نەوتدا بکەن. لەکاتێکدا بنەماکانی وردبینی هەمووی یەکە، گەر

فەرمانبەرەکانی چاودێری دارایی پێشتر کاری وردبینی سەکتەری نەوتیان نەکردبێت ئاسان دەتوانرا ڕاهێنانیان پێ بکرێت. تەنانەت لەناو وردبینەکانی ئەو کۆمپانیایانەی هێنراون بۆ وردبینی چەند وردبینێکی خۆماڵی تیایە کە دەرچوی زانکۆکانی هەرێمن.

ئەگەر ئەوەش نەدەکرا، پەنابردن بۆ حکومەتی ناوەند بژاردەیەکی ئاسانتر بوو لەبەردەست هەرێم چونکە چەندین ساڵە شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا دەتوانرا سودیان لێوەربگیرێت لەلایەك، وەلەلایەکی تریش کێشەی شاردنەوەی زانیاری دروست نەدەبوو بەڵکو خزمەتی زیاتری بە ڕوونبینی دەکرد. لە هەمان کاتدا ئەکرا ئەو پارەیەی کە دەدرا بە ووردبینی بگەڕایەتەوە خەزێنەی حکومەت.

# ئەنجام گیری ژمارەکان

١. لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیتدا بڕی ئەو پارەیەی کە لەماوەی ساڵەکەدا بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە بریتییە لە ٤،٥١٥،٤٢١،٦٢٥ دۆلار لە کۆی ٨,٤٣٨,٦٠١,٣٠٠ کە دەکاتە ڕێژەی ٥٤٪. بەڵام ئەم ژمارەوە ڕێژەیە وەکو لەشیکردنەوەکانی سەرەوەدا بینیمان بەوشێوە نییە، بەڵکو لە داهاتی نەوتی ساڵی ٢١٠٩ وەکو لەخشتەکەدا دیارە بڕی٣,١٤٢,٠١١,٠٠٢ دۆلار گەڕاوەتەوە، وەلەم پارەیەش نەتوانراوە بڕی ٣١٨,٥٤٠,٧١٩ دۆلار بگەڕێنرێتەوە لە بانکێکی لوبنانە. **کەواتە تەنها ٢,٨٢٣,٤٧٠,٢٨٣ دۆلار گەڕاوەتەوە هەرێم.**

| ڕوونکردنەوەی برگە | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم | هەمووساڵی ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە | **2,032,863,797** | **2,295,626,983** | **1,990,417,608** | **2,119,692,912** | **8,438,601,300** |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٦) | | 112,973,551- | | 691,882,270- | 804,855,821- |
| سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە، بڕوانە | 8596529- | 6,111,731- | 6767835- | 2,967,942- | 24,444,037- |
| پارە دان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرسی نەوت لە بڕی حکومەتی هەرێم | 756581239- | 651,395,002- | 888169759- | 240,975,290- | 2,537,121,290- |
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورکی | 134996619- | 129,436,293- | 142627557- | 87,125,846- | 494,186,315- |
| بڕی پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆریی کوردستان ( بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | 122055061- | 172,578,942- | 174572125- | 175,166,726- | 644,372,854- |
| دانەوەی قەرزی هەریەك لە کۆمپانیای وزەی تورکی و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیی تورکی | 310000160- | 50,000,040- | 150000080- | 100,000,082- | 610,000,362- |
| بەرامبەر بە کاروباری یاسایی و وەکالەت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان | | | 3476282- | | 3,476,282- |
| بۆ تەسویەکردنی قەرز لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە | 63018476- | 15,114,780- | | 100,000,081- | 178,133,337- |
| کۆی ئەوبڕانەی لە داهاتی نەوت لە ماوەی ٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١ لە داهاتی نەوت دەرچووە نەگەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان | **1,395,248,084-** | **1,137,610,339-** | **1,365,613,638-** | **1,398,118,237-** | **5,296,590,298-** |
| کۆی ئەوبڕانەی لە داهاتی نەوت لە ماوەی ٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١ لە داهاتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان (داهاتی هەرێم لە فرۆشی نەوت) | 637,615,713 | 1,158,016,644 | 624,803,970 | 721,574,675 | 3,142,011,002 |
| ڕێژەی سەدی ماوەتەوە بۆحکومەتی هەرێم دوای لێدەرکردنی هەموو خەرجی وقەرزەکان | 31% | 50% | 31% | 34% | 37% |
| | | | لە لوبنانە نەگەڕاوەتەوە | 318,540,719 | |
| | | پارەی داهاتی نەوت گەڕاوتەوە بۆ هەرێم | | 2,823,470,283 | %٣٣,٥٠ |

وەکو دەبینین دیلۆیت بڕی پارەی پێشەکی نەوت و زیادەی باڵانسی کۆمپانیاکانی بەیەك خشتە داناوە کە ناو نراوە ڕێڕەوی دارایی. وادەردەکەوێت کە داهاتی فرۆشی نەوتی ساڵی ٢٠١٩یە و لە ئەنجامدا کۆی داهاتی هەرێم زیاد دەردەکەوێت. بەڵام پشکی هەرێم وەکو لەسەرەوە دەردەکەوێت لە فرۆشی ساڵی ٢٠١٩ تەنها ڕێژەی ٣٧٪ بووە. دوای لێدەرکردنی ئەو بڕەی نەگەڕاوەتەوە لە لوبنان ٣٣,٥٪ دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم. وە لە کۆی هەموو فرۆشی نەوت ڕێژەی ٤٣,٥٪ دەچێت بۆ شایستەی کۆمپانیاکان و گواستنەوەی نەوت کە لە شێکردنەوەیەکی پێشوتری ڕوونبیندا گەشتبوین بە هەڵەمان، ئێمە ڕێژەی ٤٤٪ دانابو بە ئەگەری هەڵەی ١٪ بۆ ٢٪.

٢. چارەنوسی ئەونەوتەی کە دراوە بە پاڵاوگەکان لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە یاخود بەرهەمە پاڵێراوەکان نادیارە. لەگەڵ درووستبوونی پرسیار لەسەر ئەو برە پارە زۆرەی دراوە بە پرۆسەکانی پاڵاوتن بەراورد بە ناوەند(بەغداد ئەوانیش لەهەمان پاڵاوگە نەوتاکەیان دەپاڵێون بە ١٠دۆلار، بەڵام بەپێی شیکردنەوەی ئێمە بۆ ئەو ژمارانەی ڕاگەیێندراوە لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت دا هەرێم زیاتر لە ٢١ دۆلار دەدات بە پاڵاوتن. ئەمە بەهەدەردانێکی زۆری پارەیە.

٣. خاڵێکی تر کە لەڕاپۆرتەکەدا تێکەڵ کراوە ئەو پارانەیە دراوە بەلایەنی تر، زۆربەی خەرجی وەزارەتی کارەباو سامانە سروشتییەکانە. لە بارودۆخی ئاسایی دا دەبێت ئەوپارانە بگەڕێتەوە خەزێنەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، واتە ئەو خەرجیانە لە داهاتدا حساب دەکرێت. ئێمە لە شیکردنەوەکەماندا بەداهاتی هەرێم ئەژمارمان کردووە.

٤. ڕەسیدی حساباتی کڕیار و پێشەکی دورخایەن لای حکومەت لەسەرەتای ساڵدا بریتی بووە لە ٢,٥٦٥,٢٥٤,١٧٢ وە لە ٢٠١٩/١٢/٣١دا بووە بە ٣,٤٤١,٤٧٩,٢٩٦. تەنها ئەو برەی کە لە ڕەسیدو پێشەکی کڕیار لە ساڵی ٢٠١٩دا ماوەتەوە و گوازراوەتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بریتییە لە ٨٧٦،٢٢٥،١٢٤ دۆلار.

٥. بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت، هەرێم جگە لە داهاتی فرۆشی نەوت سێ جۆر پارەی تری وەر گرتووە لە ساڵی ٢٠١٩ کە بریتیە لە:

a. ڕەسیدی حسابی کڕیارەکان.
b. پارەدانی پێشەکی دوورخایەن.
c. داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو لە گرێبەستەکانی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنان (PSA) و لە ڕێککەوتنەکانی پێدانی مۆڵەتی تایبەت بە بۆری هەناردەکردن.

| جیاکردنەوەی داهات و خەرجی | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم | هەمووساڵی ٢٠١٩ | کۆی داهاتی ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە | 2,032,863,797 | 2,295,626,983 | 1,990,417,608 | 2,119,692,912 | 8,438,601,300 | 10,411,888,735 |
| پارەدانی پێشەکی دوورخایەن . بڕوانە (تێبینی ٧) | 1121808000 | | 450,918,900 | | 1,572,726,900 | |
| داهاتی سەرباری بەدەستهاتوو لە گرێبەستەکانی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنان و لە ڕێککەوتنەکانی پێدانی مۆڵەتی تایبەت بە بۆری هەناردەکردن. (بڕوانە تێبینی ١٠) | 288644188 | | 3,562,302 | | 292,206,490 | |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٦) | 45461314 | | 62,892,731 | | 108,354,045 | |
| کۆی ئەو پارانەی جگە لە داهاتی فرۆشی نەوت هەرێم وەری گرتووە | 1,455,913,502 | 3,488,777,299 | 517,373,933 | | 1,973,287,435 | |
| ڕوونکردنەوەی بڕگە | چارەکی یەکەم | چارەکی دووەم | چارەکی سێیەم | چارەکی چوارەم | هەمووساڵی ٢٠١٩ | |
| کۆی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری و فرۆشی ناوخۆوە | 2,032,863,797 | 2,295,626,983 | 1,990,417,608 | 2,119,692,912 | 8,438,601,300 | |
| گۆڕانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٦) | | 112973551- | | 691882270- | 804,855,821- | |
| سوود و ڕسووماتی دیکە پەیوەندیدار بە کڕیارەکانەوە، بڕوانە | 8596529- | 6111731- | 6,767,835- | 2967942- | 24,444,037- | |
| پارە دان بۆ شایستەی دارایی بەرهەمهێنەرسی نەوت لە بری حکومەتی هەرێم | 756581239- | 651395002- | 888,169,759- | 240975290- | 2,537,121,290- | |
| پارەدان لە بەرامبەر تاریفی کۆمپانیای وزەی تورک | 134996619- | 129436293- | 142,627,557- | 87125846- | 494,186,315- | |
| بری پارەی دراو بۆ کۆمپانیای بۆری کوردستان ( بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئیمتیازی هێڵی بۆرییەکان | 122055061- | 172578942- | 174,572,125- | 175166726- | 644,372,854- | |
| دانەوەی قەرزی هەربەك لە کۆمپانیای وزەی تورک و کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی تورک | 310000160- | 50000040- | 150,000,080- | 100000082- | 610,000,362- | |
| بەرامبەر بە کاروباری یاسایی و وەکالەت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان | | | 3,476,282- | | 3,476,282- | |
| بۆ تەسویەکردنی قەرز لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە | 63018476- | 15114780- | | 100000081- | 178,133,337- | |
| کۆی نەوپارانەی لە داهاتی نەوت لە ماوەی ٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١ لە داهاتی نەوت دەرچووە نەگەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان | 1,395,248,084- | 1,137,610,339- | 1,365,613,638- | 1,398,118,237- | 5,296,590,298- | |
| کۆی ئەوپارانەی لە داهاتی نەوت لە ماوەی ٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١ لە داهاتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان (داهاتی هەرێم لە فرۆشی نەوت) | 637615713 | 1158016644 | 624,803,970 | 721574675 | 3,142,011,002 | |
| ڕێژەی سەدی ماوەتەوە بۆحکومەتی هەرێم دوای لێدەرکردنی هەموو خەرجی وقەرزەکان | 31% | 50% | 31% | 34% | 37% | |
| | | | لە لوبنانە نە گەڕاوەتەوە | 318540719 | | |
| | | پارەی داهاتی نەوت گەڕاوەتەوە بۆ هەرێم | | 2823470283 | 34% | |

کۆی ئەو پارەنەی (a, b, c) لەگەڵ فرۆشی نەوتەکە دەکاتە ١٠,٤١١,٨٨٨,٧٣٥ دۆلار. وە تەنها لە چارەکی یەکەمدا بڕی پارەی وەرگیراو ٣,٤٨٨,٧٧٧,١٩٩ دۆلار بووە. کە لەم بڕە تەنها ١ مليارو ٣٩٥ مليۆن و ٢٤٨ هەزار دۆلار دراوەتەوە بە شایستە و قەرزی کۆمپانیاکان. واتا لە چارەکی یەکەمدا بۆ هەر مانگێك ٦٩٧ مليۆن دۆلار لە بەر دەستی حکومەت بووە.

٦. یەکێکی تر لە تێبینێکان ئەوەیە کە دیلۆیت ڕاپۆرتی ساڵەکەی بە پێی چارەك کردووە، بەڵام لە کۆتایی ساڵدا بڵاوی کردەوە. ئەبوایە دیلۆیت ڕاپۆرتەکانی لە کاتی خۆیدا بڵاو بکرادایەتەوە نەك چاوەڕێ کۆتایی ساڵ بێت. ئەمە جێگای پرسیارە بۆچی بەو شێوەیە بڵاوکرایەوە. وەك ڕوونبیین پێشتر پەیوەندیمان کردووە بە دیلۆیت وە هەندێك پرسیارمان لێ کردوون، بەڵام لە وەڵامدا پێیان ڕاگەیاندین کە ئەوان ناتوانن هیچ جۆرە زانیاریەك بدەن بە ئێمە بیانووی پاراستنی نهێنی ئەوگرێبەستەی هەیانە لە گەڵ حکومەتی هەریم، و هەروەها وتیان کە ڕەووشتی پێشەگەریان ڕێگەیان پێ نادات هیچ زانیاریك بدەن!

٧. ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت پێماندەڵێت نارونییەکی زۆر هەیە لە خەرجی نەوتدا، دیار نییە کە حکومەت چەند قەرزی لایەنەکانی لا ماوە؟ پارەیەکی زۆر دەدات بە تاریفەی نەوت لە خاکی تورکیادا و لەوەش زیاتر دەدات بە کرێی بۆری هەرێم. نازانرێت لە بڕی ئەو پارەیەی دراوە بە کۆمپانیا نەوتییەکان چەندی قازانجە و چەندیشی خەرجیە Cost Recovery. جیاکردنەوەی خەرجی و قازانج هاوکاردەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی. ئەوەی بزانین ئەگەر باج لە کۆمپانیاکان وەربگیرێت چەند داهات زیاد دەکات. هەروەها دەرخەری ئەوراستیەیە کە دەبێت سەرجەم داهات و خەرجی ئاشکرابکرێت، بۆ بەرگرتن لەنەزیفی بەهەدەردان، کاتێك ڕێڕەوە داراییەکان زانرا چی هاتووە و چی ڕۆشتووە و بۆ کوێ ڕۆشتووە و لەچیدا بەکارهاتووە ئەوسا دەتوانرێت بە ئاسانی دەست بخرێتە سەر خاڵی لاواز و سەرچاوەی بەهەدەر دان بدۆزرێتەوەوە، لە بەرانبەریشدا خاڵە بەهێزەکانیش دەستنیشان بکرێت، ئەمە هەنگاوە سەرەکیەکانی بەڕێوەبردنی دروستە و بەرەو ڕوونبینی و لێپرسینەوەت دەبات و هاوکاردەبێت تاوەکو لایەنەکان بتوانن چاودێری خۆیان بکەن.

چەندین لێکۆڵینەوە لە چەندین وڵاتی جیاوە دەریخستووە کە گەندەڵی کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەر گەشە کردن و وەبەرهێنان . بۆنمونە لێکۆڵینەوەیەك لە لایەن Adit et all (2007) کراوە لە ٧٠ وڵات، دەری دەخات ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی دامەزراوەی کوالیتی بەرزن ئاستی گەشە یان بەرزە و گەندەڵیان نزم. لەوەزیاتر ئەو وڵاتانەی دامەزراوەکانیان کوالێتی بەرزی هەیە ڕێژەی گەشەی لەماوەی کورت خایەندا ٢٦% وە لەماوەی دوور خایەندا ٤٠% . شەفافییەت هۆکاری پێشکەوتنی ئابووری و سەقامگیری ئیداری وسیاسییە.

ماوەتەوە بڵێین نرخی نەوتی هەرێم لەسەر بنەمای نەوتی خاوی برێنت ئەژماردەکرێت. هەرێم بەتێکڕا لەماوەی ساڵەکەدا بە ١١,٦ دۆلار لە ژێر نرخی برێنتەوە نەوتەکەی فرۆشتووە.

| ڕونکردنەوەی بڕگە | کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نرخی فرۆشی هەرێم | 46.989 | 52.713 | 55.531 | 60.38 | 58.417 | 52.787 | 51.64 | 47.079 | 49.73 | 49.114 | 52.146 | 55.66 | 52.68 |
| نرخی خاوی برێنت | 59.41 | 63.96 | 66.14 | 71.23 | 71.32 | 64.22 | 63.92 | 59.04 | 62.83 | 59.71 | 63.21 | 67.31 | 64.36 |
| **جیاوازی** | **-12.421** | **-11.247** | **-10.609** | **-10.85** | **-12.903** | **-11.433** | **-12.28** | **-11.961** | **-13.1** | **-10.596** | **-11.064** | **-11.653** | **-11.676** |



# سەرچاوەکان

ئەو سەرچاوانەی پشتی پێ بەستراوە لەم ڕاپۆرتەدا


## A. سەرچاوە سەرەکییەکان:

١. "یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان", پەرلەمانی کوردستان.

٢. "یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٨ یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان", پەرلەمانی کوردستان.

٣. "یاسای ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١٣ یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان", پەرلەمانی کوردستان

٤. "یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازیەکان", پەرلەمانی کوردستان.

٥. ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت: داتا و زانیاریی پشتڕاستکراوی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٩دا".” ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، , available at: https://www.wsj.com/articles/storage-crisis-worsens-for-glut-of-crude-caused-by-coronavirus-11587755805, visited on May 2, 2020.

## B. سەرچاوەی لاوەکی:

١. “نێچیرڤان بارزانی: ئەگەر بەغدا جیدی بێت لە ناردنی مووچە هەموو کارئاسانییەک دەکەین” Rudaw, available at: https://steelguru.com/gas-oil/oil-storage-capacity-completely-sold-out-royal-vopak/558500?fbclid=IwAR2b3_QeOallJJ5VnzifngDizMpfObMWbiZgrtOQAAiUxxyWNut-9Fv6J6U , visited on May 28, 2020.

٢. "مفهوم الشفافية الإدارية كحق للمواطن", جميل عودة ابراهيم, available at: https://annabaa.org/arabic/goodgovernance/17258 visited on May 28, 2020.

.٣ “ WHAT IS CORRUPTION”, Transparency International, available at: https://www.transparency.org/en/what-is-corruption# , visited on May 28, 2020.

.٤ https://annabaa.org/arabic/goodgovernance/17258 visited on May 28, 2020.

.٥ Mazeel, Muhammed Abed. Petroleum Fiscal Systems and Contracts. Hamburg, DEU: Diplomica Verlag, 2010, P24

.٦ Johnston, Daniel. International Exploration Economics, Risk and Contracts Analysis. Tulsa, US: PennWell, 2006

.٧ "Deloitte sued for $7.6 billion, accused of missing fraud", Reuters, available at https://www.reuters.com/article/us-deloitte-mortgage/deloitte-sued-for-7-6-billion-accused-of-missing-fraud-

idUSTRE78P51E20110926?fbclid=IwAR2ny_WmFTwdEeSsNEJoSvBvj_B1of30vfbvNTRDPksE0Qjd1TLnRoVas9o, visited on May 28, 2020.

.٨ "SA power firm Eskom sues Deloitte for 'overcharging", BBC News, available at https://www.bbc.com/news/world-africa-50140351?fbclid=IwAR3uuYNMmIEWMxAY2LVhjR9hc4ctk63SoXZWlYT1oIxeXaTUo31rzTLihoc, visited on May 28, 2020.

.٩ "Europe Brent Spot Price FOB", EIA, available at : https://www.eia.gov/dnav/pet/hist/LeafHandler.ashx?n=PET&s=RBRTE&f=M&fbclid=IwAR3W6h_r3ifAv4arDFBxkAFp28M5not15NngQQLkhd-qwE429D87EeT7Rug, visited on May 28, 2020.

.١٠ "Rosneft and Kurdistan Regional Government announce the entry of Rosneft into an infrastructure project in the Kurdistan Autonomous Region", Rosneft, available at: https://www.rosneft.com/press/releases/item/188147/, visited on May 31, 2020.

.١١ HKN Energy, Ltd. ("HKN") presents an operating and financial update for the quarter ended 31 March 2020.

.١٢ "Where Is The Headquarters Of Deloitte?", worldatlas, available at : https://www.worldatlas.com/articles/where-is-the-headquarters-of-deloitte.html?fbclid=IwAR2v4t4Ms1nY3Npko9wSSp1m1oqe_2HlpvS0n6wFq-VMwwuKpWr4R5GvuKI , visited on June 1st, 2020.

.١٣ "Transparency and Public Accountability is at the Core of Good Corporate Governance", The World Bank , available at : https://www.worldbank.org/en/news/speech/2018/04/10/keynote-address-transparency-public-accountability-the-core-good-corporate-governance?fbclid=IwAR365uSNyQS4SNs_V36dfQUA0QqoNxiDnFrt2r4gzGzj_IxqaJDJbAAuiFs , visited on June 1st, 2020.

# هاوپێچەکان

Deloitte.

**KURDISH TRANSLATION**

وەرگێران بۆ کوردی

٢٩ی نیسانی ٢٠٢٠

ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت وگاز لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان-عێراق

**وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ تا ٣١ ی ئاداری ٢٠١٩**

١.١ ئێمە لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە دەستنیشانکراین بۆئەنجامدانی وردبینی لە خشتەی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت بۆ ساڵی ٢٠١٩ وهەروەها بۆ ساڵەکانی پێشووتری ٢٠١٤ تاوەکو ٢٠١٨.

٢.١ ئێمە وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ تا ٣١ ی ئاداری ٢٠١٩ (چارەکی یەکەمی ٢٠١٩)، بەپێی خشتەی ( ١ ) کە هاوپێچی ئەم راپۆرتە کراوە. وهەروەها وردبینیمان تەواوکرد بۆ خشتەی هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوت لە ماوەی ١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٧ تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨ ، و ڕاپۆرتیشمان دەربارەی پێشکەش کرد.

٣.١ ڕێکارەکانی ئێمە بۆ ئەم ڕاپۆرتە پێکهاتبوون لە وردبینیکردنی هەناردەکردن و تۆماری فرۆشتنەکان، ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی پێویست، داواکردنی زانیاری لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری دیکەی پێویست

٤.١ ئەمانەی خوارەوە ئەنجامەکانی وردبینییەکەی ئێمەن:

١.٤.١ بۆ هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت - هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت لە ماوەی نێوان ١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ تا ٣١ ی ئاداری ٢٠١٩ .

٢.٤.١ بۆ فرۆشتنی نەوت - هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدینەکرد لە زانیارییەکانی فرۆشتنی نەوت و کۆی بڕی پارەی وەرگیراوی مانگانە لە ماوەی نێوان ١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ تا ٣١ ی ئاداری ٢٠١٩.

٥.١ ئەم ڕاپۆرتە سنووردارە بۆ زانیارییەکانی ناو خشتەی ( ١ ) و هیچ زانیارییەکی دیکە ناگرێتەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراون یان بڵاوکراونەتەوە، ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە کە بەرهەمهێنان لە هەریەک لە کێڵگەکان، بابەتن بۆ ڕێکاری تری وردبینی و پشتڕاستکردنەوە، ئەو پرۆسەیەش ئێستا بەردەوامە.

٦.١ تەکنیکی وەرگرتنی نموونە (سامپڵ) و تەکنیکی دیکەمان بەکارهێناوە، تا ئەو جێگەیەی بە پێویستمان زانی بێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی خشتەی ( ١ ). وردبینی ئێمە پشتی بەستووە بە بەڵگەنامەی پێشکەشکراو لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە (بەرهەمهێنەرانی نەوت، پاڵاوگەکان، بازرگانانی فرۆشی نەوت، بەکارخەری بۆری نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ، لەسەر بنەمای دروستی و تەواویی زانیارییەکان.

٧.١ ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە بۆ ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و (دیلۆیت) بەرپرسیار نییە لە بۆچوون یان خستنەڕووی هەر نادروستیی، کەموکوڕی یان هەڵەیەک لە زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا لە بەرامبەر هەر لایەنێکی سێیەم، و (دیلۆیت) بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، و هیچ لایەنێک، جگە لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، مافی پشتبەستنی بەم ڕاپۆرتە نییە، بۆ هەر مەبەستێک بێت.

٨.١ ئەم ڕاپۆرتە و خشتەی ( ١ ) بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر هەر دژیەکییەک هەبوو لەنێوان دۆکیومێنتەکان بە زمانە جیاوازەکان، دەقە ئینگلیزییەکە یەکلاکەرەوەیە.

دڵسۆزتان

Robert O'Hanlon
Deloitte & Touche (M.E.)

Neil Hargreaves
Deloitte Professional Services (DIFC) Limited

# خشتەی ژمارە ١

## هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوت

**وردبینی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتەکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ تا ٣١ ی ئاداری ٢٠١٩**

| هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری، بڕوانە ( تێبینی ٢) و ( تێبینی ٣) | ٣٨،١٦٣،٩٨٩ | بەرمیل |
| ڕادەستکردنی نەوتی خاو بۆ پاڵاوگەکان بۆ پاڵاوتنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | ٢،٤٣٧،٥٢٤ | بەرمیل |
| فرۆشتن بۆ پاڵاوگەکان | ٢٦٥،٦٣٩ | بەرمیل |
| فرۆشتنی ناوخۆ | ٤٧٣،٤٩٣ | بەرمیل |
| **کۆی هەناردەکردن و بەکاربردن** | **٤١،٣٤٠،٦٤٥** | بەرمیل |

| شیکاری فرۆشتنی نەوتی خاوی هەناردەکراو بە بۆری | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| سافی نەوتی خاوی گواستراوە بۆ کڕیاران (واتە سافی بڕەکە پاش گواستنەوەکانی تۆمارکراو لەسەر نەوتی خەزنکراو لە کۆگاکاندا و لابردنی پێکهاتەی ئاو)، بڕوانە (تێبینی ٣ ) و (تێبینی ٤) | ٣٨،٥٨٤،١٧٤ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاوی فرۆشراو | ١،٩٩٨،٩٢٠،٧٣٩ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیل نەوتی فرۆشراو، بڕوانە (تێبینی ٥) | ٥١،٨٠٧ | بەرمیل/ $ |

| شیکاری پاڵاوگە و فرۆشتنەکانی ناوخۆ | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| سافی نەوت (نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی) گواستراوە لەلایەن کڕیارانەوە (سافی بڕەکە پاش لابردنی پێکهاتەی ئاو و ئەو بڕەیەی بە فیڕۆ دەچێت بە هۆی بەهەڵمبوون (ڵێچوون) لە کاتی گواستنەوەدا) | ٧٣٩،١٣٢ | بەرمیل |
| کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو | ٣٣،٩٤٣،٠٥٨ | دۆلاری ئەمریکی |
| تێکڕای نرخی یەك بەرمیلی نەوتی فرۆشراو (*) | ٤٥،٩٢٣ | بەرمیل/ $ |

(*) نرخی کۆندێنسەیت نرخێنراو بە دۆلاری ئەمریکی/ تەن، هاوتای بەرمیل کراوە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕاپۆرتە.

| ڕێڕەوی دارایی (التدفق المالي) | کۆی گشتی لەو ماوەیەدا | |
|---|---|---|
| **کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو (هەناردەکراو لەرێی بۆری و فرۆشتنی ناوخۆ)** | **٢،٠٣٢،٨٦٣،٧٩٧** | دۆلاری ئەمریکی |
| گۆرانکاری لە ڕەسیدی حیساباتی کڕیارەکان، بڕوانە (تێبینی ٦) | ٤٥،٤٦١،٣١٤ | دۆلاری ئەمریکی |
| پارەدانی پێشەکی دوورخایەن، بڕوانە (تێبینی ٧) | ١،١٢١،٨٠٨،٠٠٠ | دۆلاری ئەمریکی |
